# جیهانی منالان

گۆڤارێکی فەلسەفی، ئەدەبی و هونەریە
دەربارەی منالان

ژمـــــاره 16-17

باخچەی ساوایانی سارا و نووسینگەی گۆڤاری جیهانی منالان
لە کوندی زڕگۆزی گەورە لە پارێزگەی سلێمانی





بەرپرسیار و بونیانگوزار عەلی حەمەئەمین باپیر
ناسراوبە میرزا عەلی کیتابی
دامەزراو لە بەهاری 2002

www.jmnalan.org

# جیهانی منداڵان

### گۆڤارێکی فەلسەفی، ئەدەبی و هونەریە



سەرنووسەر

**عەلی کیتابی**

مۆنتاژکارو بەرپرسی ئابوری

**شەهاب مەنمی**

**جیهـــانی منـــداڵان**

**گۆڤارێکی وەرزیەو لە سوێد دەرئەکرێ و**
**لە کوردستان دووبارە چاپدەکرێتەوە**

بة زؤري لةسةر CD و مالَثةرِي جيهاني مندالآن www.jmnalan.org بلآو دةكرَيَتةوة

بةتايبةتيش بؤ ثشتيوانان و يارمةتيدةران ضاث دةكرَيت




## ئای چەند دڵشادم کە پێچەوانەم

## قەیناکە ئامانجی زۆر تیروتانەم

لەو سەردەمەوە مرۆڤ توانیویەتی قۆناغی بە گاگۆلکێ و لەسەر چوارپەل رۆیشتن وەلابنێت و لەسەر قاچەکانی قنج و قیت راوەستێت بە ئارەزووی خۆی سەرکەوتوانە راکات و راوبکات. هەروەها بۆ دابینکردنی بژێوی خۆیو بێچوەکانی تێکۆشاوە گرنگترین ئاوات و خۆشترین کات و ساتی تەمەنی ئەو رۆژە بووە کە بۆتە خاوەنی ماڵ و منداڵ و مەکان. کەل و پەلی پێداویستی ژیانی ئەوساو ئێستای، تا بە ئاسوودەیی تیایدا بحەسێتەوە.

من بە پێچەوانەی هەست و خواستی مرۆڤ هەر لە ژیانی رەوگی و کۆمونەکانی سەرەتاییەوە تا کۆمەڵگای مودێرن و هاوچەرخ کە مرۆڤ گەر دەسەلاتی هەبێت گشت سەروەتو سامانی کۆمەڵگا بۆخۆی قۆرغ دەکا. من بە پێچەوانەی مرۆڤەوە کە من خۆیشم مرۆڤم: ماوەی چەندین ساڵە لە قوڵایی دڵمەوە ئاواتەخوازوو چاوەروانی ئەو کات و ساتە بووم کە هەر هەموو هێزوو تواناو دەسەلات و کەل و پەل پێداویستی مادی و مەعنەوی خۆم بە رێکخراوێك ببەخشم کە شۆرەو ئەساس و بەردی بناغەی پەروەردەیی بۆ منالانی باخچەی ساوایانی منالانی کۆمەڵگابێ:

چونکە بەبروام شێوازی پەروەردەی مودێرنی هاوچەرخ لە باخچەی ساوایاندا دەبێتە شۆرەی پۆلایینی ئەساسی کۆمەڵگای مودێرنی مەدەنی مرۆڤایەتی ئێستاو ئایندە و هەتا هەتایە.

من دەیان ساڵ بە خەوو خەیاڵی دامەزراندنی بیرۆکەی بونیادنان و وەرێخشتن و سەقامگیرکردنی باخچەی سارا و مێشکی خۆم جەنجاڵ کردبوو، گشت داهاتو دەرامەتی مادی و مەعنەوی خۆم بۆ تەرخان کردبوو، پاش وەلانانی دەیان کەندو کەسپ کە بە هۆی خزم و خۆیش و براو خوشك و خوشکەزاکانمەوە بەتایبەت تاقانە فرزەندەکەمەوە دەیانخستە سەر رێگام، پاش دەردوو رەنج و تێکۆشانی بێوچانی چەندین ساڵەم توانیم هەموو لەمپەر و کەندو کۆسپێك وەلانێم، بنەو بارگەی توندو تۆڵی خۆم بگەیێنمە هەوارگەی بەردو بڵندی ئاواتم کە پێکهاتەی یانەی سارای منالان بوو سەرەتا و ئەوسا بە ئاشکرا لە سلێمانی بەسەرپرستیاری مامۆستا رەئووف حەسەن و پاشان بە شێوەی بیوەنهێنی نیوە ئاشکرا نامەرکەزی لەشارەکانی سەقز و بۆکان و سنە، ئێستا دیسانەوە لە سلێمانی لە گوندی زرگوێزی گەورەدا بەئاکام گەیشتوە. بەڵێ: ئێستا ئەوە دوو ساڵە بە شێوازی مودێرن و هاوچەرخ سەرکەوتوانە درێژە بەژیانی پەروەردەی خۆمان دەدەین، وەك بەڵگەی بایەخدارو دوکومێنت و دوروشمی زیندو لەپاشکۆی ئەم ژمارەیەدا واتە ژمارەی 16=17 ی گۆڤاری جیهانی منالاندا، وەرزی بەهارو هاوینی 2006 دەبینرێ و دەخوێندرێتەوە و تۆمارکراوە.

رۆژی 2006/5/25 رۆژێکی مێژووییە و وەك ئەستێرەیێکی پرشنگدارە لە مێژووی منالانی ساوای ئێستاو سبەینێ و سەدان ساڵی گوندی زرگوێز و دەوروبەریدا. چونکە لەم رۆژەدایە کە منالانی ساوای ئێستاو سبەینێ و سەدان ساڵی گوندی زرگوێز و دەوروبەرەکەی دەبنە خاوەنی ئەرزەی تاپۆکراوی خۆیان بۆ ژێربینای باخچەی ساوایانی گشتی گندی زرگوێز و دەورووبەرەکەی. هەروەها رۆژی 2006/5/25 رۆژێکی مێژووییە بۆ من وەك بەرپرسیار و بنیادگوزار کە توانیومە بۆ بەیەکەمین جار لە مێژووی کوردستاندا بە تایبەت کوردستانی کەرمین باخچەی ساوایان لە شارەوە بەرەو شاخ و گوند بەرم و دامەزرێنم و بەسەر حکومەتدا دایسەپێنم دیارە ئەو گوندەش گوندی زرگوێزی گەورەیە. هەروەها ئێستاش بە دڵنیایی و شانازیەوە توانیم گشت هەست و نیستم بەخۆم و هێزو توانای لەش و ئەندێشەی مێشکمەوە بە باخچەی ساوایانی سارامەوە پێشکەشی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەم، ئاواتەخوازیشم خۆیشم وەك ئەندامێکی خۆبەخش و بەدەربەست شانبەشانی بەرپرسان و دەستەندەرکارانی دڵسۆزی وەزارەتی پەروەردە لە دوورو نزیکەوە بەگوێرەی توانای جەستەیی و ماددی و مەعنەویمەوە ئەو دەسکەوتە گرنگ و پیرۆزە بپارێزرێت بەرەو گشت گوندەکانی کوردستان تەشەنە بکات و پەرەی پێبدرێت. لەگەڵ سوپاسی بێ سنوورمدا بۆ مامۆستا فەهمی عەزیز و مامۆستا نەرمین حوسێن رەمەزان و کاك جەلال حاجی عەلی و گشت ئەوکەسانەی هاوکاریان کردووم بۆ بەئاکام گەیاندنی ئەم نیهادە پیرۆزە.

**بەرپرسیار و بنیادگوزار**

**عەلی حەمە ئەمین باپیر**

# شـێوازی پــەروەردە

## بەشــی دوو

### ئامـانج و ڕێبازەکـان

ئامانجەکان ئاماژەیێکە بۆ ڕێبازوو کارەکانی باخچەی ساوایان هەروەها ئارەزوویێکە کە لە سایەیدا جۆری گەشەپێدانی منالآن دەبێ ڕوون بێت. ڕێبازی کارکردنی پەروەردەکاران لە باخچەی ساوایاندا بەرپرسیارییێکی مەزنە لەسەر شانی کارمەنداندا، بەڵکو بەرپرسیارییێکە لەسەر شانی هەموان بۆ بیاداچوونەوەو گەیشتن بە ئامانجەکانی شێوازی پەروەردە.

### پێوەر و بەهاکـان

باخچەی ساوایان دەبێ چالاکانە و ئاگاهانە تاسیری لەسەر منالآن هەبێت و هانیان بدات لە کۆمەڵگای خۆیان تێبگەن و تێگەیشتنیان بۆ بەها بەنرخەکانی هاوبەشی و هاوتەبایی و دیموکراتی هەبێت و لەدواییدا بەربەستی بن.

ئامانج

تێکۆشان و هەوڵدانی باخچەی ساوایان بۆ پێشکەوتنی هەرتاکە منالێك گرنگە:

- منالٚ دەبێ کراوە بێ، ڕێزوو سۆزو سۆلیدارتێی هەبێت، بەرپرسیاربێت لەو کارەی کە پێی هەڵدەستێت.
- توانای تیادا درووست بێت کە ڕێزوو شایان بۆ کەسی تر دانێت و لەباروودۆخی کەسی تردا بژێت. گرنگە فێرکرێت کە خوازیاری یارمەتیدانی کەسانی ترە.
- توانای تیادا دروست بێت کە شت بدۆزێتەوەو داهێنانی تیادا بکات. هەڵوێستی چاکی تیادا دروست بێت بۆ بەرەنگاری کردنی هەر قەیرانێکی ڕۆژانە کە دێتە پێشی.
- تێبگات لەوەی کە هەرتاکە کەسێك لە منالآن هەمان بەهایان هەیە، جیاوازی ڕەگەزوو نەتەوایەتی و بارودۆخی کۆمەلایەتی گرنگێیکی ئەوتۆی نەبێت.
- ڕێزگرتن لە هەموو زیندەوەرێك و منالآن بە پەرۆشەوە پارێزگاری لە ژینگە بکەن.

### ڕێبازەکـان

کامەندانی باخچەی ساوایان گرنگە کە:

- ڕێزیان بۆ تاکەکەس هەبێت و بەشداربن لە درووست بوونی کەش و هوایێکی دیموکراتی لە باخچەکەدا، لەگەڵ یەکدا ژیان بەگیانێکی بەرپرسیاریەوە گەشە دەستێنێت و منالآن ئەو هەلەیان بۆ دەڕوخسێت کە سۆلیدار و سۆزی خۆیان بۆ یەك دەربڕن.
- منالآن جۆشدرێن بۆ هاوئاهەنگی (یارمەتیدانی یەکتر) بۆ کارئاسانکردن و چارەسەرکردنی گرفتەکان، لەهەمان کاتدا ئەو گرفتەی کە درووست دەبێت لێکۆڵینەوەیێکی چاکی لەسەر کرێت و دواگوێ نەخرێت. ئایا ناکۆکێکە چۆن درووست بووەو چارەسەرێکی گونجاوی بۆ دانرێت، گرنگە لێرەدا کە بە جەختەوە باس لە ڕێزگرتن لەیەك بکرێت.

تیمێکی تایبەت دامەزرێت بۆ لێکۆڵینەوەی داخوازێکانی منالآنو ئرکی ئەو تیمە ئەمانەی خوارەوەیە:

- بەرپرسیاربێت لە داخوازێکانی هەر تاکە منالێك و ڕێزبگرێت لە داواکارێکانی و بەئاکام بگەن، تاکو هەرمنالێك چێژ لە بەهای خۆی وەرگرێت.
- بەرپرسیاربێت لە جێبەجێ کردنی کاروو تێکۆشانی دیموکراتی کە منالآن بە چالاکیانە تیایدا بەژداربن.
- بەرپرسیاربێت لە زندووکردنەوەی ووت و ووێژ دەربارەی گرفت و پرسیارەکانی ژیان.
- منالآن ئاگەدارکەنەوە کە مرۆڤ بۆچوون و ڕوانگە و هەڵسەنگاندنی جیاوازی هەیە، ئەمانەش ڕێخۆشکەرن بۆ راو هەڵسوکەوتی منالآن.
- هاوکاری لەکەلٚ ماڵەوە هەبێت، ئەویش دەربارەی چۆنێتی پەروەردەی منالآن و ووت ووێژ لەگەڵ دایك و باوکان دروستکرێت بۆ ڕوونکردنەوەی یاساو ڕێساو باروودۆخی ناوەوەی باخچەی ساوایان.

### گەشەسەندن و فێربـوون

چالاکێکانی باخچەی ساوایان دەبێ ڕەنگدانەوەی ئەو شێوازە فێربوون و پەروەردەو چاودێریە بێت کە لە باخچەکەدا بەرپادەبێت، ئەم هەمە ڕەنگیەش تەواوکەری یەکترن. ئەم شێوە فێرکردنە دەبێ بەجۆرێك بەئەنجام بگەیێنرێت کە هانی منالآن بدات و تەحەدایێك بێت بەرەو گەشەکردن و فێربوون. کەشوو هەوای باخچەکە کراوەبێت و ناوەرۆك دەوڵەمەندبێت. چالاکێکانیش هاندەربن کە لە سایەیدا منالآن بتوانن گەمە بکەن و داهێنانی تیادا بکەن. تواناکانی منالآن بایەخی پێبدرێت و بقۆزرێتەوە و حەزو خواستەکانیان بەهێزبکرێت تاکو بە ئاگایی تاقیکردنەوە، زانیاری نوێ و شتی تر ببێتە پیشەی ڕۆژانەیان. هەروەها ئەم چالاکیانە دەبێ هاندەربن بۆ گەشەپێدانی لەخۆ و لە جیهانی دەوروبەر تێگەیشتن. پشکنین و ئارەزووی دۆزینەوەی

بابەتی نوێ، ئەمانە و بەدەیەها چالاکی سوودبەخش لە باخچەکەدا دەبنە بەردی بناخەی پەروەردەییێکی چاك. شایانی باسە کە ئەمانە هەموو لە تاقیکردنەوەی جۆراوجۆرو حەزو بۆچونی جیاوازی منالاّندا سەرچاوە دەگرێ. هەموو ئەو بیرو راو چۆنێتی بیرکردنەوەیە لە نێو منالاّندا پارێزگاری کردن و بەجۆشەوە بەرەوچونە بۆ دروستکردنی زانیارییێکی هەمە لایەنە کە منالاّن سوودی لێدەبینن.



منـــــــالْ توونوی زانیاری تازەیـــــە

## ئامانجــی دیــکە

باخچەی ساوایان دەبێ تێبکۆشێ کە هەرتاکە منالێك:

- گەشە بەکەسایەتی خۆی بدات و هەست بەئاسایش بکات لەچوارچێوەی ئەو کەسایەتیە.
- گەشە بە فزولیەت و حەزەکانی بدات و لە ئەنجامی گەمەکردنی بەسوود تواناى ئەمانەی تیادا درووست بێت.
- گەشە بەدرووست بوونی ئازادی و بەهێزکردنی، هەروەها باوەربەخۆکردن، ئەمانەش دەچنە نێو چواچێوەی درووست بوونی کەسایەتی ئەو منالە.
- هەست کردن بە انتما و بوونی خۆی لە نێو چواچێوەی کولتورێکدا کە خۆی تیایدا دەناسێتەوە، هەروەها رێزیش لە کولتوری بێگانە بگرێت.
- گەشە بە تواناکانی منالاّن بدرێت لە بواری گوێکرتن، گێرانەوەی شت و کاردانەوەی، هەروەها بۆچوونی خۆی بەئازادانە دەربرِیّ.
- لە بواری گونجان بەتەنها و لەگەلْ کۆمەلە منالێ تر، چارەسەرکردنی گرفتەکان چۆن دەبێت و لە ماف و ئەرکەکانی تێبگات. هەروەها لە بواری چۆنێتی التزام کردنیان و گوێ رایەلْ بوونیان بەرامبەر بە یاسا هاوبەشەکان.
- لە بواری هەلسوکەوتی نەرم و توندوتیژ، رێکخستنی شتومەك، لە لەش و لاری خۆ تێگەیشتن و گرنگدان بە بواری تەندروستی، ئەمانە بابەتی گرنگن بۆ پەرەپێدان و گەشەسەندنی منالْ. هەروەها لەبواری بەکارهێنان و شێوەی وتنەوەی وتراوەی رێك و پێك و جوێن نەدان بە هاورێکانی. گرنگە منالْ لە زاراوەی جیاواز تێبگات و بزانێت کە ئایا چ پەیوەندییێك لە نێوانیاندا هەیە. هەروەها چۆنێتی دەبرین و دارشتنی ئەو وتراوانە، تاکو بە چاکی لە جیهانی دەرەوەو ناوەوەی خۆی تێبگات. لێرەدا گرنگە کە ئاماژە بۆ خالێکی گرنگ بکرێت ئەویش گەشەدانە بە زمانەوانی هەر تاکە منالێك، زمانێکی دەولەمەندو پوختە فێرکرێت بۆ دەربرینی خواست و نیازەکانیان. زمانی نووسین تێگەیشتنی سیمبوڵەکان و چۆنێتی بەکارهێنانیان گرنگی پێبدرێت.
- لە بواری دروستکردن و داهێنان، باسکردن و گەیاندنیان بە منالاّنی دیکە. چۆنێتی بیرکردنەوەو تاقیکردنەوەی جیاواز بتوانرێت لە رێی چەند چالاکییێك رەنگ بداتەوە، لەوانە گەمەو یاری، نیگارکێشان و برین و نوساندن (چەسپ کردن)، جولانەوە، گۆرانی و مۆسیقا، سەما و دراما.
- لە بواری چاکسازی، دروستکردن و داهێنان کە بتوانرێت بە یارمەتی چەند کەرەستەییێکی جیاواز و تەکنیکی نوێ شت بەرهەم بێنن. لە بواری پیاچوونەوەو دۆزینەوەی گرفتی بیرکاری کە منالاّن بتوانن لە بواری جیاوازدا بە کاری بێنن.
- بەهێزکردنیان لە تێگەیشتن و بەکارهێنانی ووتراوە بنەرەتێکاندا کە رۆژانە بە کاردێن، بەتایبەت پێوەر و شێوەکاری، کات و شوێن و خۆ راهێنان لەگەلْ ئەم بابەتانەدا.
- گەشەدان بە هەست کردن کە سروشت گرنگەو منالان لە رووداوە سروشتێکاندا بەشدارن. ژینگە بەشێکە لە ئێمەو ئێمەش بەشێکین لە ژینگە، هەروەها تواناى ناسینەوەو زانیاری چاك لەبواری دارودرەخت و گولْ و گیاو ئاژەلو زیندەوەرەکانی تری پێ بوترێتەوە.
- ئەو کاتەی منالْ زمانی زکماکی کوردی نەبوو! باخچەی ساوایان دەبێ هەولێکی چاك بدات بۆ گەشەپێدانی زمانی

زكماكی ئەو منالە، هەروەها بەهێزكردنی هەستی كولتەری و نەتەوەیی ئەو منالە گرنگە.

## ڕێبازەكان و چۆنێتی بەكارهێنانیان

- هاوكارییەكی چاك پێویستە بۆ گەشەپێدانی شیاو و گونجاو لە ناو باخچەی ساوایاندا، ئەم هاوكاریەش لە كاتێكدا سەقامگیر دەبێت كە كارمەندان بتوانن لە ڕێی گەمەو یاری سوودبەخش هەروەها بە وردی چاودێری كردن و یارمەتیدانی ئەو منالانەی كە لەبەر چەند هۆیێكی جیاواز پێویستیان بە چاودێری وردتر و گەشەپێدان هەیە.

ئەو تیمە تایبەتەی كە بۆ لێكۆڵینەوەی داخوازێكانی منالان دامەزراوە بەرپرسیارە لەوەی كە منالان بەكۆمەڵ چالاكی جیاواز بەدی بێنن لەوانە:

- گەشەدان بە تواناكانی منلاّن بە كۆمەڵ و هاندانیان بۆ یارمەتیدانی یەكتر.
- منالان هەست بەوە بكەن كە ئەو شتانەی لە باخچەی ساوایان فێری دەبن بە چێژو سوودبەخشە.
- یاری و گەمەی بەسوود ڕێخۆشكەربێت بۆ هاوبركێ و ململانێ، لە سایەیدا حەزەكانیان و ئامادەبوونیان بۆ وەرگرتنی تاقیكردنەوەو زانیاری نوێ جێی خۆی دەگرێتەوە.
- یارمەتی و هانبدرێن كە گەشە بە ڕەفتاری جوانی كۆمەلایەتی بدەن.
- ڕێیان بدرێتێ كە پەیوەندیكانیان لەگەڵ منالّی تردا بەهێزكەن و هەست بە ئاسایش بكەن.
- یارمەتی زمانەوانیان بدرێت تا بتوانن پەیوەندێكانیان لەگەڵ یەكدا بەهێزتربێت.
- یارمەتی جولانەوەو بەدەست كاركردنیان بدرێت و گەشەبكات.
- چاودێری چاكیان بكرێت كە لەگەڵ بەرنامەی ڕۆژانەیاندا چاك بگونجێت.
- گرنگە كارمەندان و پەروەردەكاران توانای منالان بقۆزنەوەو داخوازی و حەزو ئارەزووەكانیان هەروەها باوەربەخۆبوونیان بەهێزكرێت.
- هانی ئەو منالانە بدرێت (كە قورساییەكی ئەوتۆیان تیابەدی دەكرێت)، یارمەتیەكی تایبەتیان پێشكەش كرێت.
- ڕێگایان بۆ خۆشكرێ لەوە تێبگەن كە ئایا من وەكو زیندەوەرێك چ قازانج و زەرەلێكم بۆ ژینگە هەیە! هەروەها لە ژینگەی دەوروبەری خۆیان ئاشنابن و لەوە تێبگەن كە چ كارو كاردانەوەییێك بە بۆنەی بوونی ڕۆژانەی ئەوان لە ژینگەدا درووست دەبێت. هەروەها ئاشنایی پەیداكەن لەگەڵ كولتورو داب و نەریتی ئەو ناوچەیەی تیایدا دەژین.

## كاردانەوەی منالان

بەردی بناغەی دیموكراتی لە باخچەی ساوایاندا دادەمەزرێ و سەقامگیر دەبێ. جالێرەدا گرنگە كە منالان ناوەڕۆكی ئەم ووشەیە تێبگەن و گەشەپێدانی هەلسووكەوتی كۆمەلایەتی و خووڕەوشت لە تواناو وزەی منالاندا ڕەنگ بداتەوە، لەو كاروو كردارەی بەجێی دێنن بەرامبەر ژینگەو هاورێكانیاندا. حەزو ئارەزووەكانیان كە لە هەلسووكەوتیاندا ڕەنگ دەداتەوە، دەبێ بناغەییێك بێ بۆ شێوەدانان و ڕێ و ڕەسمی ڕەوشتیان ئەمەش بە پلانێكی ئاگاهانە و شێوازێكی پەروەردەیی ڕاستەقینە بەرپا و سەقامگیردەبێت.

## ئامانـــج

ئەو ئامانجانەی باخچەی ساوایان دەبێ كۆششی بۆ بكات كە هەر منالێ:

لەم بوارانەی خوارەوە گەشە بەتواناكانی بدرێت:

- ڕوونكردنەوەی بیرووبۆچوونەكانی و ڕێی پێبدرێت كە ئەو بۆچوونانە كاری لەسەر بارووذۆخەكە هەبێت كە منالان تیایدا دەژین.
- بەرپرسیاربێت لەو كارانەی كە پێی هەلدەستێت سوودبەخشبن بۆ كەشوو هەوای باخچەكە.
- لە بابەتەكان تێبگات و لەسەر پرنسیپی دیموكراتی خووڕەوشتی بگونجێنێ، بەشداربێت لە چەندەها شێوازی هاوكاری لەگەڵ هاورێكانیدا و ڕێی بدرێتێ كە خاوەنی بڕیاری خۆی بێت.

## ڕێبازەكـــــان

كارمەندانی باخچەی ساوایان دەبێ ئەم دوو خالەی خوارەوە بەرچاوبگرن:

- كە هەر تاكە منالێك بتوانێت گەشە بە تواناكان و خواستەكانی بدات، هەروەها كاری خۆی هەبێت لەسەر شێوازەی باخچەی ساوایان.
- كە منالّ بە یەك چاو سەیری ئەوانی تر بكات و راو بۆچوونەكانی ڕێزیان لێبگیرێت.

تیمە تایبەتەکەیکە لە ئارەزووەکانی منالآن لێدەکۆڵێتەوە دەبێ لەسەر چەند ڕێبازێکی ڕوون کاربکات کە:

- گرنگی بەتواناو ئارەزووی منالآن بدرێت و هەستی بەرپرسیارێتی تیادا درووست بێت بەتایبەت بەرامبەر ئەو تیمەی کە سەپەرشتی دەکەن.
- کارمەندان بە ئاگاییەوە دیقەت و تەماشای تواناکانی منالآن بدەن و هەلیان بۆ برەخسێنن کە لە ناوەڕۆکی چالاکێکانیان تێبگەن و شێوەی کارکردن و بەشداربوون لەو کارو چالاکیانە بە بەرزی هەڵسەنگێنن.
- کچ و کور هەمان هەلیان بۆ برەخسێنرێت و بە بێ جیاوازی ڕێیان بدرێت کە تاسیراتی خۆیان لەسەر ئەو چالاکیە بنوێنن.
- منالآن ئامادەکرێن بۆ بەژدابوون و بەرپرسیارێتیان بەهێزکرێت تا لە ماف و ئەرکەکانیان تێبکەن کە لە کۆمەڵگاییێکی دیموکراتی باوە و بەرپا دەکرێ.

## باخچەی ساوایان و پەیوەندێکانی ماڵەوە

باوک ودایکان بەرپرسیاران لە چۆنێتی پەروەردە و منالەکانیان. شێوازی پەروەردە لە باخچەی ساوایان دەبێ تەواوکەری شێوازەی پەروەردەی ماڵەوەبێ، لەهەمان کاتدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی چاك و ڕێك و پێك لە پەروەردەدا باخچەی ساوایان دەبێ هەلی چاك بۆ منالآن برەخسێنێ کە تیایدا هەست بە حەسانەوەو گەشەسەندن بکەن. بۆیە کارکردن لەگەڵ ماڵەوە دەبێ لەسەر بنەمای ڕاستگۆیی و باوەڕ بەیەکبوون پەرە بسێنێت. ڕێ بە دایك و باوکان بدرێت کە بەشداربن لەو ئامانجە نیشتیمانیەی کە وولآتێکی دیموکراتی دەیەوێ پێی بگات، هەروەها کارو کاردانەوەیان لە سەر چالاکێکاندا هەبێت. بۆیە گرنگە کە باوك و دایکان لە ئامانج و ئارەزووەکانی منالآن ئاگەداربن و ڕاستەوخۆ لە ئەنجامەکانی شێوازی پەروەردەی منالآنیان بە ئاگابن.

کارمەندان دەبێ ڕێزێکی تایبەتیان بۆ باوك و دایکانی منالآن هەبێت، هەروەها وەکو کارمەند چاکە ئەگەر لە نزیکەوە پەیوەندییێکی تایبەتی لەگەڵ هەر باوك و دایکێك هەبێت.

لەکاتی دەستپێکردنی هەرمنالێك لە باخچەدا دەبێ کارمەندان زانیارییێکی چاك بۆ باوك و دایکان ئامادەبکەن و دەربارەی هەڵسووکەوت، خووڕوشت، پێشکەوتن، گەشەکردن و فێربوونی هەرمنالێك لە ڕێی کۆبونەوەیەکی تایبەت بە باوك و دایکی بوترێت. ڕێدان بە باوك و دایکان کە بۆچوون و ڕوانگەی خۆیان هەبێت لەسەر ئامانج و شێوازی پەروەردە. هەروەها هەرچ تێبینییێکی سەرنج ڕاکێش دەربارەی پلان و چالاکێکان هەبێت دەبێ لەبەر چاو بگیرێت، چاکە ئەگەر باوك و دایکان بتوانن بەشداری لە هەڵسەنگاندنی چالاکێکان بکەن.

## پەیوەندی باخچەو خوێندگە

ئەو پەیوەندیەی کە لە نێوان ئەم دوو شوێنە گرنگە بۆ منال درووست دەبێت هاوکاری و پەیوەندییێکی چاکیان پێویستە تا بە شێوەییێکی چاك و ڕێك و پێك یارمەتی منالآن بدرێت، هەروەها تاکو منالآن لە زانیاری و ئامۆژگاری بەردەوامی باخچەو خوێندگە نەپچڕێن. گۆڕینەوەی زانیارێکان و ئاگەدارێکان دەبێ لە نێوان کارمەندانی باخچەو خوێندگەدا دروست بێ، هەروەها گۆڕینەوەی ڕاو بۆچوونی تایبەت دەربارەی ئارەزوو پێداویستەکانی هەر تاکە منالێك پێویستە.

<u>تێ بی نی</u>

### وەرگـــێر

وەکو ئاشکرایە کە لە وولآتە دیموکراتێکاندا گرنگییێکی زۆر بە منالآن دەدرێت، ئارەزوو داخوازێکانی منالآن کۆتایی نیەو نایێت، هەر بابەتێکی تازە لەلای منالآن داخوازی و زانیارییێکی تازەیە. بۆ نموونە ئەگەر یارییێکی سەیرو سەمەرەی نوێ لە ژیانیدا دەبینێ بەهەمو شێوەییێك حەزدەکات هەیبێت و یاری پێبکات. ئەو هەستە ڕاستەقینانەی کە لە ناخی منالآندا درووست دەبێ بە گوێرەی تازەگەری و گۆڕانکارێکانی دەورووبەری ئەوانیش گۆڕانکاریان تیادرووست دەبێت. زانیاری بۆ منالآن زۆر گرنگە و من زۆرجار وەکو نموونە قارچك دەهێنمەوە چونکو لە وولآتی سوێد زۆرن، قارچك چەنێ ئاوی بدرێتێ ئەوەنە زیاتر گەشەدەکا و گەورەتر دەبێت، هەر بەو شێوەیە زانیاری نوێ و خوڕەوشتی چاك وەکو ئاوی ئەو قارچکەیە بۆ منالآن. جالێرەدا دەمەوێ بگەمە ئەو مەبەستەی کە مداخلەکەمی تیا ڕوونکەمەوە. هیچ زانیارییێك لە منالآن نابێ بشاردرێتەوە و منال دەبێ ماوەی ئەوەی بدرێتێ کە خۆی لە شتەکان بکۆڵێتەوە بێگومان بە شیکردنەوەی ڕوون و چاك بابەتێکی زۆری بۆ لا ڕووندەبێتەوە. زانیاری دەربارەی لەش و لاری، ئەندامەکانی لەشی، چۆنێتی کارکردنیان، هۆی نەخۆشبوونیان، هەستیان و سۆزیان بەرامبەر ئەوانی دیکە. ئەمانەو زۆر بابەتی تر کە پێویستن لەگەڵ پەرەسەندنی منالآندا بە منالآن بوترێنەوە و شیکرێنەوە. ئەمانەش بێگومان پێویستیان بە کارمەندی لێهاتو بەتوانا هەیە کە شت دواگوێ نەخا و بەردەوام خۆی لە زانیاریە نوێکان و گۆڕانکارییێکان دەوڵەمەندتر بکات.

وەرگـــێر شەهاب مەنمی، هاوینی 2006

## دیدو بۆچونی نوسەران  لە رابردوو و  ئیستادا

بەراستی سەرم سورماو توشی شۆك بووم كاتیٚ دەگەرام بۆ ووتارەنوسراوەكانی  مامۆستا (ئەحمەد عەزیز ئاغا) كە بۆ كارێكی مێژووی زۆر پێویستیم بە ناسینی خوالێخۆشبوو هەبوو ،هەرلەبەر ئەوەی ژیاننامەكەیم دەست نەدەكەوت ، لەرێگەی وتارە نوسراوەكانی لەرۆژنامەكانی ئەو سەردەمە كە نوسیبونی هەولمدالەپەیاموخواستەكانی بگەم ، بەچاوی مەبەست سەیری چەندین لاپەرەی رۆژنامەی (ژین – ژیان ) م كرد،بابەتەكانی مامۆستای خوالیخۆشبوو لەكەلٚ نوسەرانی دی  هانی دام و كەوتمە خوێندنەوەی زۆر بابەتی تری سەر لاپەرەی رۆژنامەكان. دیمن هەمان ئەو  بابەتانەن كە ئێمەش لەمڕۆداو لە رۆژنامەكاندا كاری لەسەر دەكەن،  جێی داخە، میللەتێك لە ماوەی هەشتا  ساڵدا هەر یەك پەیامی هەبیت لەوەش زیاتر جێی ئازارە  هێشتا ئەو پەیامەشی پاراكتیك نەكردبێت ! بەهەڵەدا ناچم گەر بڵێم لە یەكێك لەو  بابەتانەی سەرنجم دان لەنێوان دوێنیٚ و ئەمڕۆدا ، بابەتی پەروەردەیە ، ئەو وتارانەی كە بۆ مامۆستا نووسراون،   تا دڵیان بەكارەپیشەییەكەیان خۆشبێت و منالٚیان خۆشبوێت، دڵسۆزبن تەنها  بیر لە مووچە نەكەنەوە، بەهەمان گەرمووگوریش  داوا لە خێزانەكان  دەكەن ، بەتەنگ  منداڵەكانیانەوە بن،بەزمانی ئەو كاتە تەربیەتیان  بدەن، داواكان بەگشتی    هۆشیارییەو نارەزاییە لەدۆخی چۆنێتی پەروەردەكردنی كۆمەڵایەتی. هۆشیاریەكایش  كەداوایان كردووە سەرەتاییبوە، كە نمونەی پاكو خاوێنی ، هاندان ، چوونە بەرخوێندن و قوتابخانە .... ،

من  نالٚێم ئەمانە پێویستنین، بەلٚیٚ هاندان  هەمیشە لە ژیانی كۆمەلاٚیەتیدا پێویستە لەهەموو ولاٚتێك و لەهەموو سەردەمێكدا،زانیاریەكانی  ژیان دەبێت هەمیشەو هەمیشە  دووبارە بكرێتەوە،بە شیوازی نویٚ ونوێبكرێتەوە  هەر لەبەر ئەوەی زانستو پەروەردەو زانیاری لەتازەبونەوەدان ،لێرەدا ئەوەی لام دەبێتە  خاڵێك واقعی ئەم بابەتەیە، ئەویش لاوازی  داینەمۆی گۆرانكاری  خەڵكی كۆمەڵگاكەمە بۆ كاری نەكردووە ،لەدۆخێكی بەستوی سەهۆڵبەنداندا ماوەتەوە،  ئیستاش نوسەر و رۆژنامەنوسان هەمان پەیامیان هەیە بەلاٚم بە زمانێكی  كوردی پاكترە، ئەوەی زیادی كردووە گازندەییە لە رەوتی بەرێوەبردنی دەسەلاٚتی سیاسی .

گەر لیبوردنمان بۆ ئەو عەیامە ئەوەبیٚ،بارودۆخی نالەباری كۆمەلایەتی، نەبوونیحكومەتی كوردی، تەكنەلۆجیا،بارودۆخی ئەو كاتەبەدەست داگیركەرانی ئبنگلیزەوە.. زۆرشتی تر. كەبونەتە هۆی بنیاتنانی كۆمەڵگەیەكی داخراو ژیانێكی پڕ حەسرەت. هەر وەك ئەو وتارانە دەڵێن، لاوازی بیرو هۆشی كۆمەڵیش ڕۆڵی خۆی بینیوە لە هەولٚ نەدان بۆ رەوتی گۆرانكاری ، ئایا  زیرەكی  میللەتانی دنیا پێشكەوتووەكان سحرە  لە ئەزەلەوە  پێگەییون لە هەموو بواریكدا بەتایبەتی لە پەروەردە كردنی منالٚدا،من مەبەستە لەسەری بدوێم.بڵێم هیوادارم ئەوشیوازە كلاسیكەی ئیستا لەكوردستان پەیرودەكریت ،كە مافەكانی مندالٚ پێشێل دەكرێت بەناوی پەروەردەكردنەوە ، لەپاش ئەو هەموو رۆژكارە ئیتر كاتی ئەوەیە گۆرانكاریەكان،لەگوندوە دەست پیبكات، ئەم نموونەیە لە یانەی سارا  بیبٚتە داهێنان ،ئەو هومیدەی بە یانەكە دراوە بەیان بكریت ، وینەی دامەزاندن و بەریوەبردنی ئەم یانە سەربەخۆ و منالٚ پەروەرە زۆر بێت لە گوندەكان،  چونكە منداڵانی گوندەكان زۆرزیاتر بێبەشن لە نازی منداڵی خۆیان،لە كوردستاندا ، وە نەبیت خۆ لە شارەكاندائەو مافە  بەمنالان درابیٚ، هیوادارم لە ناوەندی خیزان و لە باخچەی ساوایان وقوتابخانەكاندا،شیوازی پەروەردەكردنمان  دانانی ئامانج بیٚ بۆمنالان نەك بكەو مەكە كەئیستا باوێتی ، بیگومان  ئەم ئامانجە پەروەردەیەش تێچونی مادی و مەعنەوی دەوێت.دەتوانین لە كۆكردنەوەی سەرجەم  توانای كەسانی پەروەردەی زائدەن پشتیوانی دەسەلات و ریكخراوەمەدەنیكان ئەو ئامانجە بپێكین.

شنۆ عوسمان، نەورۆزی 2006

××××××××××××××××××××××××××××××××××××××

## ماســـیەكان

كەباخچەی ساوایانم لەگوندی زڕگوێز بینی
ئەم ئیلهامە گەیشتە مێشكم

لەچیای بەرزی كردگار    ئاو قەڵبەزەی كرد هاتەخوار
پرسیارم كرد بەو عەجەلە    بەهاژە و گرمەو بەپەلە
بۆ كویٚ دەڕۆی بۆچی وێڵی    چیای بەرزت جیٚ ئەهێڵی
وتی نەت زانی بۆ وێڵم    چیای بەرزم جیٚ ئەهێڵم
ڕووبارەكەم وشك و بیٚئاو    ماسییەكان  وان لە تەنكاو
كە دیانم لە بانەوە    لە بیٚئاوی ئەتلانەوە
ئەوامنیش زۆر بە پەلە    بەهاژە و گرمە و بەپەلە
هاوار دەكەم كۆسپی بەرپێم    خۆلادەن لاچن لە سەر ڕێم
تاكوو بگەم بەو ڕووبارە    دەی ژینمەوە دووبارە
دەی ژینمەوە دووبارە.

ئەم پارچە هۆنراوەیە هەڵقولاٚوی ناو دەروونی هەمیشە وشكمە كە تەعبیر و ڕنگدانەوەی كار و ژیان تێكۆشانی ئەوساو ئێستای نووسەری سارا، سەرنووسەری گۆڤاری جیهامی منالاٚن، واتە بەرپرسیار و بونیانگوزاری (یانە)باغچەی ساوانی سارا یە.

حەمەسالح قەدیمی
نەورۆزی 2006

## چمکێکی چکۆلە لە ڕۆمانــــی سارا

بەشی 16

ئێوارە وەختێکە و بەرهەیوانی مزگەوت جمەی‌دێت لە جوان جحێلّ و لاوان پیاوانی برێك بەسالاّچوو، باس باسی درووێنەی گەنم و جۆ و دەسکەنەی نیسك و نۆکە. سالحی (حەماڵی) (حەماڵی) کورت کراوەی حەمەعەلی‌یە. دەڵێ:

– یاخوا بەزیاد نەبێ کار و کاسبی وا؟ ڕۆژتا ئێوارە قنگ قووچەکەیتەوە بۆ بیست باقە کولّۆشی جۆ، یان سیی‌باقە گەنم کە دوو تەنەکە دەغڵی پێوە نیە، بێجگە لە گێرەو کیشە و شەن و کەو کردنی. گریمان دوو تەنەکە گەنم یان جۆیشی پێوەبێت بایی تەنیادەتمەنە. بەخوا گووجەی پشتم مرووژانە دەکات دەڵێی دووپشك پێوەیداوە. لەبەر کولّۆش و کاکەی نەبوایە هەر جووتیشم نەدەکرد. ئاخر زۆر سەیرە بارێك کای گەنم 30 تمەنە و بارێك کای جۆ بە چل تمەنیش وە چنگ ناکەوێ؟ گەنمی پاك و خاوێنی ئەمریکایی بە بێژنگی‌دامەکە و لەئاشیکە پووتی بە پینج تمەنە. برنجی ئەمریکایی کیلۆی 12 قران لە گەنم و جۆی کوردەواری هەرزانترە. عەبەی‌مانباپیر دەڵێ:

– خۆزگە دەمزانی ئەم برنج و ڕۆنی نەباتی ئەمریکا بۆ هێندە هەرزانە؟ چۆن دەگاتە ئێرە؟ ئاخر تەنەکەی گەنم بە پەنجاتمەن کرێی کەشتی و ئازوو گوێزی ماشین ناگاتە ئێرە؟! ئەحمەد دەڵێ:

– نۆساڵ لەمەو پێش ئەم پرسیارەی تۆ خەریك بوو مێشکی دەخواردم. بەڵام یادی بەخێر، خانمێکی موهەندیس لە شیرکەتی سەددی دەربەندیخان زۆر باش بۆی شیکردمەوە دەیگوت:

– دەوڵەتە داگیر کەرەکان بەتایبەت ئینگلیس و ئەمریکا، بەهەزاران فێلّ و فەرەس (دەوڵتە ژێر دەستەکانی خۆیان ) بە کڕین و فرۆشتنی(پاپاپای) واتە گۆڕینەوە، وەها تەنزیم وابەستە دەکەن شتەکانی خۆیان بەسەر وڵاتانی (موستەعمەرە)ی خۆیاندا دادەسەپێنن، شتە کانی خۆیان بە زێری رەشی ئێمە دەگۆڕنەوە، بۆنموونە لەجیاتی پووتێك کەنمی پێنج تمەنی بۆشکەیەك نەوتی سەد تمەنی دەبەن لەبۆشکەنەوتێکی ڕەشی نەپاڵێوراوی ئێمە هەزار بەرانبەر تمەن قازانج دەکەن. دەبینی لێرە کشت و کاڵی تووتن قەدەغەیە، کیلۆیەك تووتن بەهەر کەسەوە بگرن دەیگرن و دەیخەنە بەندیخانەوە؟ کەچی سیگاری وینستۆنی ئەمریکایی بەبار شارەوشار پێبکە کەس ناڵێ خالّۆ پشتی چاوت برۆیە!؟ ئا ئەم جادەیەی برێك ئێمەی بووژاندۆتەوە بەخاتری کاراسانی خەڵکی ڕەش و ڕووت ڕانەکێشراوە، جادەیەکی تیجاری‌و نیزامی و سنووری‌یە بۆ ئاز و گوێزی فرۆشتنی کالاّ و کەرەستەی نیزامی، تیجاری خۆیان کە ئێمەی پێ‌سەرکوت و تالاّن دەکەن. سەروەت و سامانی وڵاتی ئێمە بە بەلاش دەبەن. ئەوەتانی لەسەراسەری کوردستانی ئێمەدا کارخانەیەك نیە ئێوە کاری تێدابکەن، بۆ وەچنگ هێنانی پاروەنانێك ناچارن هەزاران کیلۆمەتر لە ژن و منالّ و دایك و خوشکەکانتان دوورکەونەوە. عەبەی مام باپێر دەڵێ:

– بەخوا هەر ئەوەی زەحمەت و زۆری کولّەکوێخا و وەرەدەرێی گزیر مان بەسەرەوە نەماوە، هەر ئەوەی بێگار و گیسکانە و گوریسانە، سەوەتانە و ڕۆنانە، مریشکانە و ... نەماوە ئەم دنیایە بۆمان بۆتە بەهەشتی بەرین، منەت بەگیانمان. ئەحمەد بەتووڕەییەوە دەڵێ:

– جاوەرە قسەی ڕوون و ڕەوان بۆ پیاوی تێنەگەیشتوو بکە!؟ دەڵێن کابرایەکی خوێندەوار کتێبی خورشید و خاوەر، بۆ کۆمەڵێك کەسانی وەك کاکەعەبە دەخوینێتەوە، لە پاشان لێی دەپرسن و دەڵێن: = مامۆستا گیان خورشیك پیاو بوو یان ژن؟ من دەڵێم تەواو ناوچەکانی ئازەربایجان و هەمەدان و هەوشار و مازندەران و .... بگەڕێی بستێك جادەی قیرتاو نابینی هەر ئێستاکەیش ناوەندەکانی کرماشان و زەنگان و هەمەدانی دراوسێی کوردستانی خۆمانیش دەبێ چەن شەوو ڕۆژ بەسواری کەر و بارگیر بریندار و نەخۆشەکانیان بگەیەننە سەر جادەی خاکی تا بیانگەیەننە دەرمانگا و دوکتۆری زەنگان و هەمەدان و ... ئێستا ئیتر ئەو هەمووە هات و هووت و بگرە و بەردە دوکتۆر ئەرسەنجانی یەکەمین وەزیری کشت وکاڵی وڵاتی ئێران بۆ (دابەشکردنی زەوی‌وزار بەسەر گوند نشینە کاندا) و پێکهاتنی دژایەتی ڕواڵەتی و کاتی و درۆینە و بێبناغەیی حوکوومەت و خان و خەوانینە خاوەن زەوی‌وزارەکان، وەك کوندە و بلّقی سەرئاو دڕا، هەوا و هەتەرێکیشی نەما. بۆ زۆربەی ڕەشایی و ڕەش و ڕووت و وردە جووتیاری بێ زەوی و کەم زەویەکان دەرکەوت کە هێچ قازانجێکی بۆ چینی برسی‌و ڕەش و ڕووتەڵەی گوند نشینەکان نەبوو بەڵکوو زۆرتر بە قازانجی دەرەبەگە مڵکدارەکان تەواو بوو، ئەوسا بە میزانی بەرهەمی کشت و کاڵی لە پێنج بەش بەشێکی زەکات واتە مڵکانە لەسەر خەرمانەوە بۆ ماڵەئاغا دە گوێزرایەوە. بەڵام ئیستا بێ لەبەر چاو گرتنی بەرهەمی وەرزی و سالاّنە، ئێستا جوتیار ناچارە میزانی ئیجارەی زەوینی و هەوایی کە حکوومەت بۆ ئاغاکانی دیاری کردوە بەدەستی خۆی سالاّنە بیڕژێنێتە حیساب بانگی ئاغاکەیەوە، زۆر جووتیار هەن هەر هەموو بەرهەمی کشت و

کاڵیان بایی ئەو پارەیە نیە کە بەناچاری دەیڕژێننە حیساب بانگی دەرەبەگەکانەوە. ناچارن هەزاران کیلۆمەتر بەدوای کاری پرۆکێنەری بەندەر عەباس، ئەهواز و ئابادان دا بڕۆن ئیجارەی زەویوزاری بایەر بڕژێننە حیسابی ئاغاوە و پارەوەنانێکیش بۆ منداڵکانیان پاشەکەوت کەن. ئێستا ئیتر فەرهەنگی ژیانی گوند نشینەکان، بەتەواوی گۆڕاوە، بەتایبەت ئەو گوندانەی لەسەر جادە، یان نزیکی جادەی کرماشان، سنە، سەقز و سابلاخ نزیکن بەهۆی ماشینە بارکێشەکان بە ئاسانی و کرێی کەم دەتوانن خۆیان بگەیەننە بەندەرەکان، بە کاری پڕۆوکێنەری بارکردن بارداگرتن پارەیەکی باش وەچنگ بێنن. هەروەها جیلی جوان و کوڕە جحێڵکان بەسەر دەیان شاری گەورەو چووکی ئێران دا تێپەڕ دەبن بە ئارەق و تینی لەشیان بەهەشتێك بۆ خوای شیرکەت و کارفەرمای بێگانە و بوومی دەخولقێنن. بە گیرفان پڕ و کۆت و شەڵواری دەرەلنگ فش و خەنافس و کەوشی پاشنە بڵندی شبراو و ڕادویٚزەبت، دەگەڕێنەوە، کوانی دەتوانن لەناو ماڵی ڕەشی دووکەڵ و درونچکاویدا ژیواربکەن. پێش گەڕانەوەیان زیاتر خۆیان دەڕەتێنن ئیزافە کار دەکەن بۆ ئەوەی چراعەلادینی شیك و چراتۆری باش بیننەوە, خێرا چەن کیسە گەچ و چیمەنتۆ بکڕن و دیوار و کەڤ ماڵی پێ سیمان و گەچکاری کەن و سرمیچی ڕەشی دووکەڵاویش بە کارتۆن و نایلۆنی جوان و ڕەنگاوڕەنگ بشارنەوە . بە وێنە و پۆستەر و سەربەرگی گۆڤارەکان دەر و دیواری ماڵەکانیا دەڕازێننەوە. لە جیاتی کوانوو و تەپاڵە و تەنوور بە چراتۆر و عەلادین ماڵەکانیان گەرم و ڕووناك دەکەن. بەشێك لە بەهار و سێمانگەی هاوین لە هەوای فێنکی کوردستان کەڵك وەردەگرن لە پەنای خێزان و خزم و خویشیاندا دەحەسێنەوە. حەوت مانگیش کاری سەخت و پڕووکێنەری بەندەرعەباس و دوورگەکانی (سیری) و تونبەکانی گەورە چکۆلە و ئەبوو مووسا تەحەمول دەکەن، تا دیسانەوە بە گیرفانی پڕ بگەڕێنەوە ناو گوند و کەس و کاریان. ئیتر وردە جووتیارە کەم زەویو زارەکانیش بۆ سوختی زستان پێویست ناکات وەك ساڵانی زوو مانگێك بەدوای بنچك و گاوڵمە و گڕاڵك دا هەرداو هەرد بکەن، کەرویٚشك و کیسەڵی بەستەزمانیش بێ حەشارگە و سەرپەنا بکەن، بۆ کڕینی چواربۆشکە نەوت چوار ڕۆژ زیاتر کار دەکەن و چوار ڕۆژ درەنگتر دەگەڕێنەوە ناو ماڵ و منداڵیان. ×××× ئێستا ئیتر چاخ چاخی گەشەی سەرمایەداریی و پیشەسازی نوێیە، لقەکانی بەرهەمهێنان وەك کارخانەی ماشینسازی بینزی ئاڵمانی و ئاسن تاواندنەوەی ڕووسی لە ئەسفەهان کارخانەکانی ڕستن و تەنینی فەرانسە وئینگلیس

دەرهینانی نەوتی بەلێشاو. فرۆشتنی بە هەرزان و تاڵان؟. هێرشی شیرکەتی سەد و جادە و بینا سازی و بۆ تاڵانکردنی هێزی کاری لەشکری هەڵاتووی گوندنشینەکان بەرەو شیرکەت و شارەکان. بەڵێ: هێزی کاری لەشکری بێتەشەکولی کرێکارانی فەسڵی و نیوەفەسڵی کەوتوونەتە بەر پەلامار و دەسدرێژی بێ بەزەییانەی کار فەرماو سەرکارگەران، و خۆفەرز کردنی کرێکارانی لاوی لادێیی بێتەجرەبە بەسەر کۆنە کوێخا و گزیرەکان بەتایبەت کۆلکە مەلاکاندا. چونکە ئێستا ئیتر گزیر ناتوانی بە پشتیوانی ئاغا و فتوای شەرعی مەلا، لەسەر دڵداری و خۆشەویستی و ماچ و مۆچی کچ و کوڕێك، سەری کچ و کوڕەی ئەویندار بتاشن بەرودوا سواری کرێکیان بکەن بۆ (عیبرەت) بە بەر ماڵ و پشتماڵاندا هێلکەی گەنیوی ژێر مریشکەوەکڕ بەسەریاندا داباریٚنن. وەیا، بە بیانووی نوێژ و ڕۆژو نەکردن هێڵانەوەی کاکۆڵ و فەرەنگیمەعاف و پەیڕەوی نەکردن لە دەستووری مەلاکان لاوان بکێشنە ناو حەوزی مزگەوت و دارکاریان کەن. لەم سەردەمەدا بازاڕی مەلا و مزگەوت هیندە کەساسە، لە تاك و تەرا مزگەوتە چۆڵ و لاڕووخاوەکاندا دێڵەسەگی بەرەڵا تەرەکیوە. بەشێکی بەرچاو لە مەلا کان میحراب و مینبەری گوندەکان چۆڵ دەکەن ڕوولەشارەکان دەکەن لە ئیدارەی فێرکردن بارهێنان و فەرمانداری و شیرکەتەکاندا، دەبنە موعەلیم وکارمەند و دەفتەرداری دەوڵەتی. دەوڵەتی شاهەنشاهی سردەم پاش پڕوپاگەندەیەکی زۆر خوینکارانی زانکۆکان دەکێشێتە ناو جل و بەرگی سەربازی و بەناوگەلێکی جۆراو جۆر لە ڕشتەگەڵکی جیاواز و جۆراوجۆر وە ك لەشکری زانیاری، لەشکری ساغڵەمی، لەشکری ئاوەدانکردنەوە، لەشکری ... لاوانی دیپلومە، لیسانسە و سەرووی لیسانس. دەکێشنە زانکۆکانی نیزامی پاش فێرکردنی یاساو ڕێسای سەربازی بۆ ماوەی 21 مانگ وەك دوتۆر ئەندازیار و میعمار و ... ڕەوانەی ناوچە شاخاوی و دوورە شاراکانیان دەکەن تا گوند نشینەکان بەتایبەت سنوور نشینەکان بەزانیاری نوی و کاری نوی و ژیانی نوێ ... ئاشناکەن. لە ڕاستیدا ڕێژیمی پادشایی بەشێکی زۆر لەمانەی بە قازانجی خۆی بەناو خەڵکدا بڵاو کردەوە کردیانیە کرمی ناو کۆمەڵ؟ بەڵام ژمارەیەکی زۆریش لەمانە هەلیان بۆ ڕەخسا لەکونی بیژنگ و سەرێنی ساواکەوە خۆدەربازکەن. کەم نەبوون ئەوانە لەبیچمی سەمەدیبیهرەنگی توانیان گۆمی لیخنی کۆنەپەرستی بشەڵقێنن ئاوڕوونکەرەوەی تێ بچرژێنن.. بەڵام بەداخەوە زۆربەیا وەك سەمەدی بیهرەنگی لە ناو جەرگەی سیبرییەی سەرمایەداریدا وەك ماموت ڕچان! بێشك تا هەزاران

ساڵ سیمایان له پێشچاو ون نابێت. بەرەکانی نوێی ئێستا ئایەندە هەیکەلی کۆنی ڕژێو و پورتووکاو دەڕووخێنن و دنیایەکی نوێ جەخوڵقێنن، دنیایەك کە کەس تییایدا ئاغاو کۆیلە و برسیو چەوساوە نەبێ.

**باچاوە ڕوانی بەشی 17 بین**

××××××××××××××××××××××××

## ئەحمەد پەشمینە و گوندی گوڵۆڵان

**ئەی حەریرە و ئاگربارانە کارخانەکەی لەگوڵۆڵانە!**

ئەحمەد پەشمینەی باوکم پیاوێکی خۆشپۆش و خۆشنۆش و عەییاش و سەودا سەر و سەوداگەر، گۆرانی بێژ و دەنگخۆش، گەرچی کورتە بالا بوو بەلام سەرو سیما شیرینەکەی لە ژێر کەوا پاتۆلی مەندۆڵەو پشتینی پەشمینە و جامانەی لەندەنی دا دەشاردەوە، بە هۆی خۆشمەشرەفیو زمانلووسی وەك دەڵێن خوشکی خۆی عاشقی دەبوو؟! کە خورجینی جوان و نەخشینی پڕ لە کووتاڵ و مت و مووروو عەتر سابوون و سڵسڵە و پلپڵە و بازنە و خڕخاڵی لە ئەسپە کوێت باردەکرد و دەچووە ناوتاقی بارەکەی تفەنگی سێتیری کورتی لە بەرکۆی کورتانی ئەسپەکەیدا دادەنا، بە گۆرانی باوی سەردەم ( ئەیحەریرەو ئاگربارانە کارخانەکەی لە گولۆلانە) گویچکەی کچان و ژنانی بێریوان و تووتنە وانانی ناوچەی (گەورك) بەتایبەت گوندەکانی دەوروبەری تورجان و زەمبیل و دەوروبەری ( ڕەبەت ) ئەمدیواو دیوی چیای بەرزی زمزیرانی دەزرینگاندەوە.

بەهاران و هاوینان بە هۆی جووت و جۆماڵ و دروێنە و دەسکەنە... کە نەك زۆربەی، بەڵکو بەگشتی نێرینە لەگوندا نامێنی مەگەر پیرە پیاوی پەککەوتە. سەرەتا لە سەربانێکدا بارگە و بنەی وەزن سووك و قیمەتگرانی ئەدا بەعەرزا!؟ پۆلپۆل ژنان و کچان ئەرژان بەسەریدا. کام ژن زیرەك و عەیاش و دەسپێشخەر بووایە ئەحمەد پەشمینەی بە میوانی دەبردە ماڵەوە، میواندار مەشیا بەر لەوەی کەنیزەك، یان کارەکەری ماڵی ئاغا بێن بەدوای میوانەکەیدا بە خۆیو خورجینە خەڕازییەکەیەوە بۆ خانم و خانزادەکانی بەرن. بە پەلە و لە پێواڕێکدا کەف و کوڵی هەڵچووی دەروونی خۆی بە میوانە شیکپۆش و خۆشنۆشەکەی دەنیشاندەوە. مشتەری دووسەرەی ئەحمەد پەشمینە ئەو ژن و کچ و بێوەژنە بەگزادانە بوون کە لەلایەن باب و برا و مێرد و کەس و کاریان، بە تایبەت مێردەکانیانەوە لە چوارچێوەی ماڵدا زیندانی کرابوون، جگە لە لیباس و خواردن و خشڵ و خاو، لە گشت مافی چێژی جەستەیی و ... بێبەش کرابوون تەنیا وەسیلەی دامرکاندنەوەی جۆش و خورۆشی لەشیان مەشیا بە کەسانی وەك ئەحمەد پەشمینەی دلێر و بوێر دابمرکاندایەتەوە.

بەڵێ باوکم ئەحمەد پەشمینە قەت نۆکەری ئاغای نەدەکرد بەڵکو شەریکێکی عەیاشی و شەوگەردی ئاغاکان بوو، بۆیە بە مەحرەمی ڕاز و نیازی خۆیانیان دەزانی. لە کاتێکدا، دەرکەوت کچەئاغایەك و دایکم هاوکات لە باوکم سکیان پڕ بوو، وەها دەنگیدایەوە، بەهیچ کولۆجی پاساو نەئەدرا، ئاغاکان زۆر بەنهێنی باوکم و کچەکەی خۆیان کوشت و مەیتەکانیا دابەئاوا.

دایکی هەژارم بەمنی دووساڵە و خوشکی شەشمانگەی ناو سکیەوە ئاوارە و سەرگەردان بوو. دایکم جگە لە دایکێکی پیر و پەك کەوتە، بێبرا و مام و کەس و کار کەسی شك نەدەبرد.

بەڵێ باوکم بە هۆی لەسەر عەییاشی وخەیانەت بە هاوچەشنە عەییاش و هەمیشە داوێن تەڕەکانی خۆی کە زۆرتریان بەگ و بەگلەر و گزیر گەنەبەگزادەکان بوون، بە زیندوویی ئەتك کرا و کوژرا و سەربە نیست کرا.

لەڕاستیدا باوکم جگە لە ئەسپێك و تفەنگ و خەنجەرێك و بڕێك دەسمایە بۆ سات و سەودای خۆی تاقە مانگا و گوێلکێك بۆ دەم و دۆی من و دایکم، هیچی نەبوو دیارە ئەسپ و تفەنگ و دەسمایەکەی دەبووایە وەك(ئێرس) ببێتە نەسیبی هاوڕێ و هاوکارانی عەییاش و هەمیشە داوێنتەڕەکانی!

بەڵێ جگە لە مانگاو گوێلکێك و لباد و بەڕەیەك و دوو دۆشەك و برێك قاپ و قاچاخ بۆ من و دایکم و منداڵە شەشمانگەکەی ناوسکی و پڕ ماڵێك خەم و خەفەت و کۆسکەوتوویی هیچمان بە ئێرس بۆ بەجێ نەما. پاش سێمانك دوای گومبوونی باوکم ئایشێی ڕۆژەڕەشی خوشکیشم هاتە دنیاوە و بوو بەسەرباری مەینەت و داماوی دایکە کوڵۆڵەکەم. گەرچی دایکم هێشتا جێڵ و جوانبوو گۆشتی قیمەتی دەکرد. بەلام بەهۆی گرانی بژیوی ژیان و دوومنداڵی مێینەی دووساڵ و هەشتساڵانەوە کەس بەتوورێکی تەڕ کریاری دایکم نەبوو. دایکم بە کارەکەری و سواڵ و سەدەقەی دەرو دراوسێ چوارساڵی گوزەراند. ئێستا ئیتر منی 13 سێزدە ساڵان و تەڕ و تەرچك ، نەك هەر هەتیو مەتیوی کۆلان و دەشت و دەر و دراوسێ بەڵکوو پیاوانی داوێنتەڕی وەك باوکم و هاو چەشنەکانیشی تەماحیان تێدەکردم!؟ بۆیە دایکم لە ترساو لە برسا منی دابەشوو، باشترە بڵێم منی فرۆشت بە دووتەلیس گەنم و جۆ.

مێردەکەم قەیرە کوڕێك بە سیو چەندساڵ تەمەن و تەنیا دایکە پیرێکی بێوەژن و بەساڵاچوو، خەسووم بە بێوەژنکۆشی و بە کوڕێکی تابڵێی زەبەلاح و کارکەر و چنگ ئاسنینەوە کونجی قەناعەتی گرتبوو. لەبەر ئەوەی نەخۆیو نە کوڕ زەبەلاح و سادە و ساکارەکەی قەت تیکلاوی درۆو فرو فیشاڵ و عەیاشی نەبوون بۆیە ژیانێکی هەژارانە گۆشەگیرانە و ئاسوودەیان هەبوو.

منی سێزدەساڵەو مێردی سیو چەند ساڵەی هەمیشە کارکەر و دەستو پێقەڵشاو چڵکن هەمیشە ئارەقاوی لێم بوو بە ئیزرایل لە شەوی ئەوەڵەوە تا زیاتر لە مانگێ ملم پێنەدا، لەگەڵ دەیهەویست توخنم کەوێ زیرەو زریکەی گریانم بەردی دەتواندەوە. خەسووم خێرا فریام دەکەوت دەیبردم لە باخەڵی خۆیدا دەیخەواندم و بە لاواندنەوە ڕامۆسینم ژیری دەکردمەوە و کوڕەکەیشی نەسیحەت دەکرد کە جاری جگە لە ماچ و مۆچ و خۆتێهەڵسون لاقەم نەکات.

مێردەکەم بەقسەی دایکی دەکرك وردە وردە سامم لێی شکا. شەویکیان بەرلەوەی مێردەکەم بەجێ بێڵم و وەك شەوانی ڕابوردوو بۆخەوتن بچمە باخەڵی خەسووم مێردەکەم سەری هینەکەی تۆزی تەڕکردو بە هەموو هێزی خۆی پێوەنام. هەرئەوەنەم لەبیرە قیژاندم و بێهۆش کەوتم، نازانم چەن سەعات بێهۆشبووم، خەسووم کوانووەکەی هەڵایساندبوو پارچە لبادیکی بڕێك گەرم دەکرد و دەینایە ناولنگم ماچی دەکردم و دەیچەسپاندم بە سینگ بەرۆکی خۆیەوە و دەیلاواندمەوە فرمیسکی بەسەرمدا هەڵدەوەراند. بە لێزانی و بە دەربەسبوونەوە تیماری ناولنگی دە کردم.

دوای دووساڵ خەسووم بە ئاواتی خۆی گەیشت، کوڕەکەی بووبە خاوەن کوڕێك. دەتگوت خواوەن باخچەیەك لە بەهەشتی پێبەخشیوە. کەتەمەنم بوو بە 17ساڵ بووم بە دایکی دوومنداڵ، دووکوڕی دووساڵان و شەشمانگان.

بەڵێ لەڕاستیدا خەسووم دایك و بەخێوکەری خۆم و مێرد و منداڵەکانم بوو.

تازە خۆم و خەسوم و ماڵ و میرد و منداڵەکانم ناسیبوو دایکم مرد. مەرگی دایکم زۆر کاری نەکردە دەروونم چونکە بەناچاری و بەزۆر بەشووی دابووم! بەڵام مەرگی خەسووم هەرەسێك بوو بەسەرمدا ڕوخا. منی خاوەن میرد و منداڵ دووبارە باشترە بڵێم سێبارە هەتیوکەوتم. چونکە بە سەرینی خەسووم کاتێك مێردەکەم بەشەق تێم بەردەبوو، هەموو گیانمی تێك دەشەمزاند، کە خەسووم لەسەرم وەجواب دەهات و دەئامێزی دەگرتم و بۆبەخت و چارەم دەگریا، برینی جەستە و دڵی ساریژ دەکردم.

پاشمەرگی خەسووم مێردو منداڵکانیشم لێم بوون بە ئیزرایل. بەڵێ مەرگی دایکم و مەرگی خەسووم و ئەحمەقی و دڵڕەقیو پیس و پۆخڵی میردە زەبەلاحەکەم و توغیانی هەواو هەوەسی لاویم، وایلێکردم بەخومدا ڕابگەم بەپێچەوانەی میردە چڵکن و کوڵکنەکەم، منی شیك و شیرین، هەمیشە بسك و کەزیەی شۆڕاو بەئاوی گوڵاوی بەرهەمی ڕەنجی خۆم خووساو، بووم بە جیگەی سەرنج و وێردی سەرزمانی لاوان و هەتا پیاوانی چاو چنۆکی داوین تەڕی گوند و دەوروبەر.

لاوان گۆرانیان بێدا هەڵدەگوتم. بەتایبەت کە شەوانە لەدەوری شوان و پەچەی مەڕ لەناوەڕاستی گونددا کۆدەبوونەوە، شوانە بەشمشاڵ و لاوان بە گۆرانی فۆلکلۆر کە تێیان دەچیریکاند و دەیانگوت: ( حەیفە بۆ ماینی کەحلان سواریبێ گۆڵەبارگیر)

مێردەکەم بە شەق تێم بەردەبوو گش گیانی تێك دەشەمزاندم. ئەو لە ماڵبوایە نەم دەوێرا جلی جوان لەبەرکەم دەیگوت: سەگباب ئەوە بۆ هەتیوو مەتیو خۆت دەڕازێنیتەوە تا شەوانە بکەونە کۆڵانان و گۆرانیت پێدا هەلبڵێن.

کە دایکم مرد ئایشێی خوشکم حەوتساڵان بوو، ئەوبەستەزمانە جگە لەمن کەسی شك نەدەبرد، پرسان پرسان هات منی دۆزییەوە ماوەیەك لام بوو بەڵام میردەکەم دەریکرد. ئەوخوشکە بەستە زمانەم خۆی ون کرد پاش چەند مانگ بیستم چۆتە خانەقای زەمبیل لەسەرتەنووری ماڵی شێخ گیرساوەتەوە، بە هۆی کابرایەکی (چەرچی) وردەواڵە فرۆش خەبەریم دەزانی جاروبار چەن تمەنێکم بۆ دەنارد.

پاش ساڵێك لەپڕ ئایشێی خوشکم خۆیکردەماڵا، ئایشێ چ ئایشێ؟ دەتگوت جندۆکەیە، ڕەش و چڵکن و کوڵکن و پیس و چەپەڵ، پرچی دەتگەت گیژەڵە گوێنیە و لاجانگییەکانی دەتگوت بنهەنگڵی بزنەگەڕۆڵی لە مێگەڵ دەرکراوە، لەبەر پرچی پڕ لە ڕشك و ئەسپێ بە قیزو بێزەوە دەستم دەستۆی کرد خواخوامبوو خەڵك بەتایبەت میردەکەم بەم گشتە ڕشك و ئەسپێیەوە ئایشێی خوشکم نەبینن. پەلەپەل تەندوورم داخست و مەنجەڵێك ئاوم ناسەر، کراسە کۆنێکم لە ژنێکی هاوسێم وەرگرت، بە ئاوی گەرم و سابوون و ئەسپۆن ئایشێم شۆری، کە زانیم گەرای ئەسپێ و ڕشك تەنیا بە شۆردن پاك نابێتەوە پرچ و بنباڵ و هەتا تووکەبەریشم تێکرا بۆتاشی و کراسە پیسەکەیم بۆ کوڵاند. کە کراسەکۆنی پاك و خاوێنم کردە بەری ڕاکشا و خەوی لێکەوت تا ئێوارە جووڵەی لێوە نەهات.

بۆماوەی مانگێك خزمەتمکرد تا هاتەوە حاڵ بەڵام مێردەکەم دەستی کردە بەدخوڵقی و قسەی ناشیرین و دەیگوت: من نانم

نیە دەرخواردی ئەم کچە واوالێهاتووەی بدەم. سەرەنجام پاش مانگ و نیویێك لەپڕ ئایشێ غەیب بوو، بێسەروشوێن! کەس نەیزانی بەرەو کوێ سەری خۆی هەڵگرت.
ساڵێك بەسەر ونبوونی خوشکە سیاچارەکەمدا تێپەڕی منیش خاوەنی دوومنداڵی کوڕی دووساڵ و چوار ساڵ بووم، کەبیرم لە و گشتە شەق جنێودان و دەرکردنی ئەو خوشکە بەدبەختەم دەکردەوە مێرد و منداڵەکانم لا ببوونە ئیزرایل، هاوینان برێك باشتر بوو چونکە مێردەکەم شەواوشەو دەکەوتەماڵ هەمیشە لە کێو بوو، بەڵام زستانان کەهەمیشە لەماڵەوە دەبوو، منیش دەتگوت هەمیشە مەرگ میوانمە.
سەرەنجام بڕیارمدا هەڵێم و حاشا و چاو پۆشی لە مێرد و منداڵکانیشم بکەم هەرچی باداباد. ئاخری پاش نیوەشەوێك بەرەو بۆکان پێم کردە پشتا و لە بەرە بەیاندا خۆم کردە قەڵای سەرداری بۆکاندا، بیستبووم دایکم هێندە خزمەتی بە سەردار و خێزانەکەی کردبوو وەك خێزانی خۆیان حیسابیان بۆ کردبوو، لە بیرم بوو دایکم پایزان منیشی لەگەڵخۆی دەبرد بۆ لای خانمی سەردار خەڵات و بەراتی ساڵانەیان دەداینێ، ئیستا کە سەردار نەماوە خانمیش پیر و پەك کەوتەیە واچاکە پەنای پێبەرم. بەڵێ پەنام پێبرد و بە باوەشی ئاواڵەوە وەریگرتم و وتێ:
تۆ نابێ هیچ کارێ بکەی تەنیا قلیاناوییەکەم بۆ تێکە و بەس. کەسیش ناتوانێ پێت بڵێ پشتی چاوت برۆیە، تەلاقیشت لە مێردەکەت بۆ وەردەگرم.
من بووم بە قلیان چاخکەری خانمی خانمان، مێردەکەم هەرچەن هەوڵیدا نەچوومەوەلای ئەویش بە هیچکولۆجی تەلاقی نەدەدام. ساڵێکم ئاوا نایە پشتیسەر، وەك خێزانی ماڵ بەڵام هەر نۆشین و پۆشینم بەلاش بوو و دوواڕۆژیشم تاریك و نادیار!؟
کەوتمە فکری چارەسەری ئەوحاڵە وام بە باشزانی بە هێزی بازووم نان و مەکان بۆخۆم پەیداکەم، بۆیە ماڵاوییم لە خانمی خانمان کرد و ڕۆومکرد ماڵی زڕخاڵم لە شاری سەقز، خاڵم بەلالووتێکەوە وەریگرتم بەڵام هەر سەرکۆنەی دەکردم دەیگوت:
کچم خەڵك خاست نابیژن، وەرە بەقسەم بکە بچۆرەوە لای مێرد و منداڵەکانت، ئەگەر بەقسەم نەکەی ناتوانم داڵدەت بدەم.
کەوتمە سەوارەکاتی کار پەیداکردن،بێوەژنێکی هەتیوبارم دۆزیەوە بە نانەوایی لە ماڵی خۆیدا خۆیو منداڵەکانی وەك گوڵ بەخێو دەکرد. چووم بووم کریکاری ئەو بێوەژنە ڕۆژی بە پێنج قران و 12 نان حەوت نانیم دەفرۆشت بە 3 قران و پەناباتیك و شەوانەش لەماڵی ئەو ژنەدا دەخەوتم. ماڵی ژنە لە ماڵی قادرنیژاد

شاردار و دادگا، واتە مەحکەمە نزیك بو، کارمەندانی شارداری و دادگا مشتەری نانی بێوەژنەی خاوەنکارم بوون.
بە کارو کۆششی شیاو، دڵپاکی و دەست و داوێنپاکی بوومە جێگەی متمانەی خەڵکی گەڕەك، بێجگە لە نانەوایی ئاو هێنانیش بۆم بوو بە سەرچاوەیەکی تری ئابووری. ئەوسا جگە لە برێك لە گەڕەکە دەوڵەمەند نشینەکانی شارە هەرە گەورەکان، وەك تاران و تەورێز، ئەسفەهان و ... ئاوی لولوکەشی نەبوو مەشیا بە کۆڵ ئاو لە کانی بهێنرێ. من بەجووت گۆزەی سەرشانمەوە لە ڕیزی کاروانی کچان و ژنانی گەڕەك لە ڕێگەی کانیدا بووبوومە جێگەی سەرنجی خاس و عام، حەتا گەورە پیاوانی شارداری و دادگایش! بێئەوەی بەخۆم بزانم بە نیەتی چاکە و خراپە بۆم لە کەمیندا بوون.

دەرو دراوسێ هانیان دام پەنا بۆ مەحکەمە بەرم تا لەو کۆت و بەندەی لە دەست و پێ و ئەستۆم ئالاوە ڕزگارم کەن. کە چوومە دادگا فەڕاشەکان بە هەست و سۆزیکەوە سکرتێری تایبەتی ڕەیسی دادگایان پێناساندم کە لاویکی تورکی هەمەدانی بو. سکرتێری دادگا بە وردی پرسیار بارانی کردم، منیش بەوردی گشت شێوەی ژیانی باوك و دایك خۆم و خوشکەکەم بۆ باسکرد. ئەویش زۆر بە وردی تێی ڕوانیم و وتی:
من نامەیەکت بۆ دەنووسم بیبە بۆ ڕەیس پاسگای ژاندارمری بۆکان بە شێوەیەکی شەرعی لە لای مەلا لێکتان جیاکەنەوە، ئەگەر نەکرا ئەوا ژاندار مێردەکەت دەگرن و بۆ ئێرەتان دێنن ئەوسا من ڕزگارت دەکەم. ئەگەر لەوێش حاکم شەرع لێکی جودا کردنەوە، تۆ وەرەوە بۆ ئێرە بۆلای من. وتم بۆچی؟ وتی ئەگەر پێت خۆشبێ دەتکەم بە هاوسەری خۆم. ترس و تەوەهوم و شادی و خۆشی وەك تەزووی کارەبا گش گیانی تەزاندم. کە نامەکەی خستە پاکەت درگاکەی مۆر کرد و دایبەدەوستمەوە وتی:
هیوادارم بە ڕزگارکراوی بێتەوە بۆ ئێرە.
کە نامەکەم بردە پاسگای ژاندارمری شارۆچکەی بۆکان ، لێیان وەرگرتم و خوێندیانەوە وتیان: برۆ بەیانی زوو وەرەوە بۆ ئێررە.
کەبەیانی چوومەوە مێردەکەمیان بە کەلەپچە کراوی هێنابووە پاسگا. کابرای ڕیس پاسگا بەزمانێکی خۆش بە مێردەکەمی وت:
من وەك براگەورەی خۆت پێت دەڵێم: لەجیاتی ئەوەی بتخەمە بەندیخانەوە دەتنێرم بۆلای حاکم شەرع بە پێی شەرع و قانوون بە خۆشی یا یەکبکەونەوە یان لێك جیابنەوە. ئەگەینا هەر ئێسا دەتنێرم بۆ دادگای شاری سەقز.

میردەکەم دەستی کردە گریان و وتی: بە قوربانتبم مەمنێرە بۆ سەقز بمنێرە بۆلای قازی. ڕەیس پاسگا دەستووریدا دەسبەندەکەیان لە دەستی دەرێنا وتی: براکەم شەرع و قانوون چی بۆ دانای سەر پێچی مەکە.

بەڵێ بە دوو چەکدارەوە بردمانیان بۆ ماڵی ئیمام جومعەی شاری بۆکان. دوای مۆجبیاریەیکی زۆر بۆ من و مێردەکەم، من ڕازی نەبووم بچمەوە لای میردەکەم. میردەکەم وتی: جەنابی قازی ئەگەر نەیەتەوە لەسەر سەد تمەن و دەستێك جل و بەرگی ژنانە تەڵاقی دەدەم، بەشکەم ژنیکی پێ بێنم. قازی وتی کوڕم ئەو لەسەر تەلیسێ گەنم مارە بڕاوە سەدتمەن و دەستێك جلی ژنانە زۆرە کوابۆی هەڵدەسووڕێ.

منیش وتم جەنابی قازی من قبووڵمە تا بەیانی پووڵ و جلەکانی بۆ دێنم. سەرەنجام سەد تمەن پووڵ و دەستێك جلی جوانی خۆم بۆ برد و تەڵاقم وەرگرت و بە ڕزگار کراوی گەڕامەوە شاری سوقز.

بەمجۆرە کەوتمە ناو دنیایەکی نوێوە، وەك تەیریکی بەرەڵاکراوی دەمتوانی بفڕم بۆ هەرکوێیك خۆم پێمخۆشبێ. کە شەق و شاپ زەلیلی چەنساڵەی خۆم بەدەستی ئەو زەبەلاحە دێنایەوە پێشچاو، بەدخوڵقی مێردەکەم و دەرکردنی خوشکەکەمم دێنایەوە پێشچاو کەچۆن وەدەرینا و ئێستا بێسەرو شووێنە، کە زەلیلی و گریان و پاڕانەوەی میردەکەم دێنایە پێشچاو لە بەرانبەر ڕەیس پاسگا و قازی شەرعدا. کە نامەنووسین و داواکاری لاوی شیك و زمانشیرینی مونشی دادگام دێنایە پێشچاوم کەبووبە فریشتەی ڕزگاریم، دەبووایە میردو منداڵەکانم لەبیر خۆم بەرمەوە، چاوە ڕوانی لوتف و کەرەمی (ئاغا حەسەنی کەرەمی بم) کە لە کۆت و تەوقی چەندساڵە رزگاری کردوم.

سەرەنجام ئاغای قادرنیژاد شارداری شاری سەقز هاتە خوازبێنیم لە سەرتەنووری نانەوا خانەکەدا و بەئاشکرا خوازبێنی کردم، ئەم دیمەنە و (ئەم واقیعییەتە) وەك تۆپ لەناو شاری سەقز دا دەنگی دایەوە. خەڵك پێیان سەیر بوو ئاغای قادرنەژاد بچێ لە سەرتەنووری نانەواخانەی بێوە ژنێکی هەتیوبار دا خوازبێنی بێوە ژنێکی بێ ناوو نیشان بۆ سکرتێری رەیس دادکا بکات! جێی خۆیەتی بڵێێ خوازبێنی کچە گەدایەك لەلایەن ڕەیسی شارەوانییەوە بۆ کارمەندێکی بەرزی دادگا. ئاخر من لە کوێو (مونشی) دەفتەرداری ڕەیس دادگا لەکوێ؟!

سەرەنجام ئاغای قادرنیژاد بە مارە بڕینێکی غەیرە ڕەسمی من و ئاغای ( خوداکەرەمی) پێکەوە لکاند کردمانیە حەڵاڵ و هاوسەری یەکتری. هەر لە سەرەتای پەیوەندیمان ئاغای خوداکەرەمی وتێ:

من تۆم باش ناسی بۆیە تۆم بەبێ تەشریفاتی زەماوەند و هات و هووت بۆ هاوسەری خۆم هەڵبژارد.. من تۆم ناسی تۆیش بڕێ من بناسە. من ناوم حەسەنە فامیلم خودا کەرەمیە تورکم و خەڵکی هەمەدانم. ماڵی بابم زۆر دەوڵەمەندن، من کە حکوومەت بە ئیجباری کردمیانە سەرباز و ناردمیانە ئەم شاری سەقزە و تیکەڵاوی خەلکی کورد بووم، باوکو دایکم و سەرجەم بنە ماڵەکەم پێیان وایە من بوومەتە کورد و سونی مەزهەب، بەبڕوای ئەوان من بە مۆخ و ئیسقانمەوە بۆ هەمیشە گڵاو بووم پاك نابمەوە، بۆیە منیان (ئاق) کردوە! منیش بۆ هەمیشە ئەوانم فەرامۆشکردوە گەرەکمە خزکەت بە خەڵکی بکەم، بەتایبەت خەڵکی کورد، باوەڕیشم بە ژیانی ئاڵۆز و پڕ لە ڕیاو تەزویر نیە بۆیە تۆم بۆ شەریکی ژیانم هەڵبژاردوە.بەمجۆرە لەسەر ئەم ڕاستییە ژیانمان هاوبەشیمان دەستپێکرد.

زۆری نەخایاند بووم بە خاوەنی ماڵ و حالێکی ئەوتۆ کە گەورە پیاوان دەبوونە میوانمان، نەمزانی چۆن منی بە منداڵی بە تەلیسێك گەنم و جۆ فرۆشراو! منی هەڵاتوو و یاخی لە مێرد، منی دووساڵ دەربەدەر و بێخانەولانە چۆن لە پڕ بووم بە خانمی ناو خانمان، نازانم چۆن منی کڵفەت و کارەکەر و کرێکاری نانەواخانە بووم بە خاوەنی کڵفەت و کارەکەر، نەمزانی تا لامکردەوە دووساڵ لە سەقز و سێساڵ لە مەهاباد چۆن تێپەڕی و ماڵمان چووە تەبرێز و مێردەکەم بوو بە حاکمی (تەحقیق) لە یەکێ لە لقەکانی دادگای شاری تەبرێزدا، نازانم چۆن ئەم مرۆڤە مرۆڤدۆستە چۆن کوڕە چکۆلەکەمی وەخۆ گرت و خستیە مەدرەسەوە. تا لامکردەوە بووم بەدایکی سێکچ لە هاوسەر و هاوسەرینەکەم واتە (ئاغا حەسەنی خواکەرەمی) تا لامکردەوە کچی گەورەم دیپلۆمی گرت و بووبە سوپای زانست واتە مامۆستای قوتابخانە. دووکچەکانی تریشم هەروەها. تاچاوم هەڵێنا بە هاوسەریو هاوسەرینی ئاغای خواکەرەمی بیست و دووساڵ تەمەنم نایە پشتی سەرمەوە.

ئاخر کەسێك ماڵی پاتۆخی موحتاجانی دوکتۆر و نەخۆشخانەکان و دادگاکانبێ؟ بە هۆی وشیاری و بەدەربەستبوونی ئاغای خواکەرەمیەوە ڕێنوینی کراین و بە ئاواتی خۆیان گەیشتبن، دیارە ئەوماڵە مەرکەزی ڕێنوینی سولح و سەفابووە بۆیە لەو ماڵەدا شەو و ڕۆژ بە سورعەت واتە بە پەلە تێپەرێوە.

پێویستە برێك بگەڕێمەوە دواوە كە تازە بووبوومە ماوەن سێ كچۆڵە كەتەمەنیان لو نێوان دوو تا نۆ ساڵان بوو كوڕە چكۆلەی مێردەكەی ترشم حەسەناغا وە خۆی گرتبوو، شەشسەر خێزان لە ماڵێكدا بووین. پاش نزیكەی دەساڵ لەپڕ ئایشێی خوشكم خۆی كردەماڵا، نەمدەناسییەوە ئەویش خانمیك بوو بۆ خۆی، لە جل وبەرگی مۆددا كەس بڕوای نەدەكرد ئەمە ئایشی چڵكن ڕشكنەكەی سەرتەندووری ئەوسای خانەقای زەمبیلە؟! كە ئێوارە ئاغای خواكەرەمی هاتەوە و ئایشێی خوشكمی بینی بە سارد و سڕیو بێتەفاوتییەوە بەخێراتنی كرد، چونكە لە دوورەوە ئاگاداری برێك حەرەكاتی بێسەرەو بەرەی خوشكم بوو، پێی خۆشنەبوو بیشیدوێنێ. پاش نزیكی چارەكە سەعاتێك سكووت خوشكم شەقڵێ بێدەنگی شكاند بێ موقەدەمە ڕوویكردە ئاغا و وتی:

ئاغا گیان تۆیش حەقتە لێم بەگومان و ناڕازیبی، منیش حەقمە بەسەر ئەو گشتە بەدبەختی و ڕۆژە ڕەشییەی ئەوسای خوم و ئەم سەركەوتنەی ئێستای خۆمدا شانازیبكەم! جا تكایە كوێم بۆ ڕاگرن تا لە سەلكی سێر و قنچكی پیوازەوە بۆتان بەیانكەم:

كەلە خوتەوبۆڵەی میردە زەبەلاحەكەی خوشكم هەڵاتم, پاش چەند كویرەوەری و دەربەدەری كابرایەكی خەیاتی بەساڵاچووی دڵتەڕ، تەماحی تێكردم بە جلی جوان و ملوانكە و بازنەو خرخاڵی ئاڵتوون خەڵەتاندمی و مارەی كردم، گەرچی دوژنی دیكەشی هەبوو بەڵام بەڕاستی نەیدەتوانی پێماندا ڕابگات، وەك دەڵێن گوریس بە یەكلانە نەدەگەیشتەوە ( چ جای سێ‌لانە)!؟ پاش ماوەیەك منیش بە زێڕ خشڵ و خاوەكەیەوە هەڵاتم خۆمكردە ناو كەمپی ئەمریكاییەكانی مەهاباد دا، بوومە كڵفەت و جلشۆر و كارە كەر، خواو ڕاسان ژێر سەرنجی ڕەیسی كەمپەكە و ژنەكەی، هێندە خۆشیاندەویستم بۆم بوون بە باوك و دایك و مامۆستام. لە ماوەی دووساڵدا فێری نووسین خویندنەوەی زمانی ئەمریكاییان كردم كە ئینگلیسیە و لە هەموو دنیادا ڕەواجی هەیە. بۆ خۆیشم بە خویندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤاری فارسی، زمان و خویندن و نووسینی فارسێش فێربووم. هەموو ساڵێك لە پشووی هاویندا لەگەڵ خۆیان بۆ ئەمریكایان دەبردم. ئەوە زیاتر لە ساڵێكە كەمپەكە گوێزراوەتە بۆ شارۆچكەی (سەرابی ئەردەبیل) ئێستا من نەك وەك كڵفەت یان كرێكار بەڵكو وەك موتەرجمیكی زمانی فارسی و كوردیو ئینگلێسی لە ناو كەمپ و كارگە و كرێكارەكاندا كاردەكەم. پاشان ئایشێی خوشكم بە پێكەنینەوە وتی:

ئێستا كارشناسێكی ڕیگاو بان و خانوو بەرەی خەڵكی(سوید) عاشقم بووە و بۆتە مشتەریم منیش خۆشم دەوی پێمخۆشە شووی پێبكەم. ئێستا من ناوم (نینی هالن)ە و دەزگیرانەكەشم ناوی oke ئۆكێ یە .

من قسەكانی ئایشێم بەڕاست نەدەزانی پێی پێدەكەنیم، بەڵام ئاغا بە باشی گوێی بۆ قسەكانی شلكردبوو. پاش دوو ڕۆژ ئاغای خوداكەرەمی ڕای گۆڕا ڕێزو حورمەتێكی ئەوتۆی بۆ قایل دەبوو. كاتێ ئایشێ دەهاتە ژوورەوە ئاغای خودادەرەمی قنجەپێ لەبەری هەڵدەستا.

دووای چەنرۆژ ئایشێ وتی: ئاغای خوداكەرەمی من ئەڕۆم بە دووای دەزگیرانەكەمدا تۆ بۆخۆت دادوەری لە دادگا دا بەشكەم تۆ ڕێنوێنی و كاراسانیمان بۆ بكەی. تا بتوانین ڕەسمی و قانوونی ئیزدیواج بكەین. ئاغاوتی:

هەروا ئاسان نیە دەبێ ئەو پیاوە ببێتە موسوڵمان و لەسەفارەتەكانی (سوید و ئیرانیش)دا زەمانەت بدات هەركات نەتانتوانی پێكەوە بژین تەحویلی ئەو شوێنەت بداتەوە كە لێكیان مارە كردوون. دیارە ئەو شوێنەش دادگای بەرزی مەركەزییە و لە پێتەختی تارانە. كە ئایشێ ڕۆیشت ئاغا لە پاشخایە وتی:

– ئافەرین ئایشێ بە ڕاستی كچێكی نابیغەیە و جێی شانازییە بۆ جنسی ژنان و بەشەرییەت. ئیستا ئایشێ ئەو ئایشێیە نییە كە من بیری لێدەكەمەوە.

سەرەنجام پاش ماوەیەك ئایشێ و دەزگیرانەكەی هاتن بوون بە میوانی دادگا، لە لایەن ئاغا و ڕەیس دادگاوە پەزێراییان لێكرا. دەزگیرانەكەی ئایشێ گشت جەواز و پێناس و بڕوانامەی شوغلی خۆی نیشاندا وتی:

= من ناوم oke ئۆكێیە تەمەنم 35 سالە هێشتا زەماوەنم نەكردوە. ئەوەی ڕاستی بێت من تا ئێستا بەهۆی كارەكەمەوە كە كارشناس و ئەندازیاری بیناسازی ڕێگا و بانم، كەمتر لە وڵاتی خۆم دەمینمەوە هەر چەنساڵ لە وڵاتێكم ساڵانە ناوبەنا دوو یا سێمانگ زیاتر لە وڵات و ناو ماڵ و حالی خۆمدا نامێنمەوە. گشت شتێكم بۆ ئایشێ خانم باس كۆدوە و پێكهاتووین.

سەرەنجام ڕێ و ڕەسمی زەماوەندی ئایشێ و ئۆكێ لەماڵی ئێمەدا بەڕێوە برا. ئاغای (خواكەرەمی) لەگەڵیاندا چووەتاران. پاش ڕەسم و یاسای موسوڵمان بوونی OKE بە بەڵگەی ڕەسمی ژن و مێردیەوە بەرە و كیشوەری سوید بەڕێ كران.

لەكاتێكدا ئەم پەیوەندییە سەقامگیر بوو، كچەگەورەكەم سوپای دانش بوو واتە موعەلیمی وەزیفە لە جیاتی سەربازی. پاش

تەواو بوونی وەزیفەکەی، هەواو هەوەسی سەفەری (سوید)مان کەوتەسەر، لەلایەن OKE وNINI دەعوەتنامەمان بۆهات بە خاوو خێزانەوە چووینە وڵاتی سووید.

بەمجۆر پێمانکراوە هەموو ساڵێ بۆ پشووی هاوین لەسەر ئەرك و دەعوەتی نینی و ئۆكێ دەهاتین بۆ سوید. کچە گەورەکەم بووبە سویدی چووە زانکۆ دەرسی زمانی خوێند و بووبە مامۆستای زمانی فارسی و سویدی.

بەداخەوە پاش ڕووخانی ڕیژیمی شا و سەقامگیربوونی جەمهووری ئسلامی مێردەکەم واتە ئاغای خوداکەرەمی مرد و کچە چکۆلەکەیشم کە دیپلۆمی گرتبوو ببووە پزیشکیار واتە یارمەتیدەری پزیشك، بەدەست مێردەکەی کوژرا، کوڕە کۆڕپەیەکی لە شوین بەجێ ما. خوشکم هەمووماني کێشایە کیشوەری سوید. ئەوە زیاتر لە بیستساڵە لە سویدین. ئایشێی خوشکم کە بە زمانی منداڵەکانەوە من و ئاغای خوداکەرەمیش پووریمان پێدەگوت، لە ڕاستیدا هێندە ئۆمانیست بوو لە شاری یۆتیبۆریدا و لەناو گشت کۆچبەرانی ئێرانی نێونەتەوەییدا جێی متمانە و خۆشەویستی خاس عام بوو. بێئەوەی زەڕەیەك (تەزاهور) بکات و خۆی بنوێنێ سەدان کاری بۆ ئەو پەنابەر و ئاوارانەی ڕوویان دەکردە سوید دەکرد.

به داخەوە ئەو خوشکە بلیمەتەم لە وڵاتی غەریبی و بێناو نیشان مرد. ئاخر کچۆڵەیەکی هەتیو و دەربەدەر و چەوساوەی کەسایەتی تیکشکاو دەسدرێژری پێکراو. لە تەمەنی 15 پازدەساڵیدا بێت بە خۆیدا و وەك مرۆڤێکی ئازادە و ئازادیخواز. بە بێ ئەوەی وەك منداڵانی خواپێداو بینێنە قوتابخانە خویندن و خویندنەوە و نووسین بە سێ زمانی کوردیو فارسیو ئینگلیسی بەباشی بدوێو بنووسێو بخوێنێتەوە! ناکرێت وەها مرۆڤیك وەك مرۆڤێکی ئاسایی نێوزەد بکری، بەڵکوو دەبێ وەك مرۆڤێکی شاز و نابێغەی بەدەگمەن هەڵکەوتوو، ناوی لە ڕیزی ناوی مرۆڤە هەلکەوتوو و بلیمەتەکانی نێو نەتەوەییدا تۆمار بکرێت.

هەڵوێستی ئاغای خوداکەرەمی مێردم لە یەکەم دیداری پاش پازدەساڵ لەگەڵ ئەو کچۆڵە هەتیوەی ئەوسا چڵکن و ڕشکن بەرەڵاو ماڵانگەڕەدا! بەڵگەیەکی بە نرخە بۆ نابێغە و نابێغە ناسی، پڕ بە پێستیانە بڵیم! نابیغە ئەو کچۆڵە هەتیوە بێکەس و کار و دەربەدەر و بەرەڵا و سواڵکەر و ماڵانگەڕەی ئەوسایە. نابێغەناسیش حەسەن ئاغای خوداکەرەمی کۆنە سەرباز، دەفتەرداری ئەوسای دادگا و دادیار و ڕەیس مەحکەمەی ئیستای بەشێك لە دادگای شاری تەورێزە .

Nini haln نینی هاڵن واتە ئایشێی خوشکم و ئۆکێ oke واتە مێردەکەی بوون بە خاوەنی دوو کوڕ و کچێك، لە شاری یۆتیبۆری کیشوەری سوید.

ئەوەی لێرەدا دەربارەی چۆنیەتی ژیاننامەی نینی هالن و بەتایبەت خوشکە گەورەکەی یان وەك چیرۆکی ژیانی جووتە خوشکێك بەمنداڵێ چەوساوە و چارە ڕەشی فەرهەنگ و سیستەمی دواکەوتووی دینیو نەتەوایەتی و دەرەبەگایەتیە. خوینەرانی خوشەویست ئەمە کورتەی بەسەرهات و بیرەوەری دوو منداڵی ( هەتیو) مییینەی بەمنداڵی چەوساوە و دەسدرێژی پێکراو و کەساییەتی تێکشکاوی بە تەلیسێ گەنم و جۆ فرۆشراوە، کەمن لە ماوەی پتر لە دووساڵ لەژێر سرمیچی خانوێکدا گوێبیستی بووم، بەتایبەت لەکاتێکدا کە من بۆ ماوەی چەند مانگ چاوەڕوانی گەڕانەوە بۆ کوردستانبووم، لەڕاستیدا باشرە بلم پاسەوانی مەرگی بووم. بە دەیانجار چیرۆکی ژیانی سەرەتا ژاراوی و پاشان شاد و شیرین و پڕ بەختەوەری خۆیو خوشکەکەی بۆ دەگێڕامەوە، بەتایبەت لەکاتی سەرەمەرگیدا بەدەم ئیش و ئازار و دەردی بێدەرمانیەوە. منیش لەمیشکمدا تۆمار و بایەگانیم دەکرد بەو هیوایەی بیکەمە هەوینی ڕۆمانیك. ئیستا بۆیە بەکورتی ئەم چەن لاپەڕەم لێنووسی دەترسێم مەرگ و پیریو هەل و مەرج ڕێگری وەدیهاتنی ئەو ئاواتەم بێت. خوینەری خۆشەویست ئەگەر توانیت بۆ بەڵگەی زیندووی ئەم چەنددێڕەی دواییە بنواڕە لاپەڕەکانی 42 و 43ی ژمارە 12ی ئەم گۆڤارە کە ئەمە ئادرەسی ماڵپەڕەکەیەتی www.Jmnalan. org

بە پێی گوێبستی گێرانەوەی چیرۆکی ژیانی (نینی هاڵن) پڕ بەپێستیەتی وەك گوڵە ڕۆژێکی وەحشێ یان وەك ئەو گوڵە جوان و بۆنخۆشانەی لەناو سەر گوێلك یان زبڵستانێك دا کە بە هەڵکەوت شاز و خۆڕسك دەڕوین بشوبهێنرێ!. بەداخەوە جگە لە چەن پارچە مۆسیقا و گۆرانیو دەنگی دەف، هیچ ئاسارێکی لەپاش بەجێ نەماوە.

بیستم لەم دواییەدا مەلاعومەری عەسری خەڵکی بۆکان دانیشتووی ئێستای ئۆپسالای سوید هەوڵیداوە ژیاننامەی نینی هاڵن بنووسێتەوە ئیتر نازانم چی کردوە بریا هەلیکمان بۆ هەڵکەوتایە پێکەوە مێژووی ژیانی ئەو ژنە قارەمانە مردووەمان زیندوو کردایەتەوە.

هاوینی ع/ کیتابی

# راپۆرتێـكی كورت

**له ڕەنج و نەتیجەی ئامانجێكی پیرۆزی پازدەساڵەی بەئاكام گەیشتوو!**

11 ڕۆژ پێش نەورۆزی پار واتە ساڵی 2005 گەڕامەوە كوردستان، بەو هیوایەی یانەی پەروەردە و پێكەوە ژیانی منالآنی فرەڕەگەزی لەناو شاری كەركوك دا دابمەزرێنم. پێشتریش ڕێكخراویك بەناوی (ڕێكخراوی ئاشتی و دیموكراتی كەركوك) لە لایەن كاك عوسمان عەسكەری و هاو بیر و بۆچوونەكانی بەتایبەت هاوڕێم شەهاب مەنمی پێكهاتبو. بەو هیوایەی ئەم دوو ڕێكخراوە بكەینە تەواوكەری یەكتری، من بەرەو كوردستان گەڕامەوە.

لەبەر باری ئەمنیەتی سەرەتا بانگەشە كردنی بیرۆكەكەم بەپێویست نەدەزانی. كە گەیشتمە شاری زاخۆ كە باری



نائاسایی كەركوكم لە نزیكەوە بیست، وام بە باش زانی سەرەتا بچمەوە سلێمانی.

دروست 10ڕۆژ پێش نەورۆز، بەسەیارەیەكی تایبەتی بەرەو سلێمانی وەڕێ كەوتم نزیكەی 13 ساڵ بوو بەهاری كوردستانم نەدیبوو، دیمەنی دەشتی پان و بەرینی هەور و باراناوی‌و نێوان زاخۆ و دهۆك و دهۆك ئاكری و شێخان تا چۆمی (زێ) و تا كەڵەكی یاسیناغا، كەجاروبار دەگەیشتینە بڕێك بەرزایی ئەو دەشت و دەمەنە لەژێر هەوری ڕەش و سپیدا دەتگوت بەحرە دنیای داپۆشیوە؟ كە بەشبەش و ناوبەنا لووتكە زنجیرەچیای بەرزو بڵیندی بەشبەش بەفراوی و خاكی و خاڵخاڵ دەبینی ورگی هەوری دەریائاسای دڕیبوو لەژێر تیشكی زێڕینی هەتاودا دەدرەوشایەوە، دڵی‌هەزاردڵ حەیرانیەتی ئای چ بیرەوەریەكی تاڵ و شیرینی دینایەوە پیش چاوم.

سەرەنجام بە نەخۆشی و شەل و شكاوی بێ ئاگاداری دۆستانم خۆمكردە شاری سلێمانیدا، كەوتمە ئامێزی گەرم و گوڕی كۆنە هاوڕێم خاڵۆ عەودە قاڵقاڵی. پاش 13 ساڵ ئەو دیدارە بۆمن هەر ئەو دیمەنە بوو شاعیرێك بەزمانی شیرینی فارسی تەسویری كردوە كە دەڵێ:

(خوش انروزی كه میدوزد بەرویی دوست چشمانم* هزارانش گهر ریزد نسار از اشك گریانم) ئەو دوانیوەڕۆیە تا بەشێك دوای نیوەشەو لە خۆشیان ئاگام لە خۆم نەبوو، پاسێك دووای نیوەشەو ئیتر وەك ماری شەل وبریندار، لەتاو ئازاری پشت و ناوشان و ئەژنۆ و بەتایبەت ژێر پاژنەی پێم هەر پێچم لەخۆم دەدا. كەبیرم لە خوڵك و خۆشەویستی فراوان و خانووی تەنگەلانی خاڵۆ عەودە دەكردەوە، بەتایبەت كەوەك (ڕەوابت عوموموی كۆمەڵەی زەحمەتكیشان بوو) ئەوەندەی دیكە ئێش وئازارم زیادی دەكرد! بەوحاڵەوە شەوی دوهەمم لێگوزەرا، بەیانی چەترێكم كردە عاسای دەستم و بە شەلەشەل ڕووم كردە ماڵی خاڵۆ عەلی (پوورە گورجی) بێخەبەر بەسەر كۆستی مەرگی چەندمانگ پیشتری ئەو خۆشەویستەمداكەوتم.پاش هەڵوەراندنی ئەشكێكی زۆر كاك عومەر گەیشت، كاك عومەری برامردوو دڵخۆشی منی دەدایەوە.

سەرەنجام بۆ ماوەی حەوتەیەك لەماڵی كاك عومەردا وەك مەیت بە نائومێد بۆی كەوتم، هیندە هیوابڕاو بووم، پێم وابوو جارێكیتر بە بێ عاسا ناتوانم لەسەر لاقەكانم ڕاوەستم، چونكو لە شوێنی ڕاكشانەكەمەوە تا دەسشۆییەكە مەشیا دەستێكم بە عاسا و ئەویتر بەدیوارەوە بگرم. پاش حەوتەیەك تلاوەتل خۆم گەیاندە دوكتۆرێكی تایبەتی ئازاری مۆخ و ئێسقان واتە رۆماتیزم.

پاش شیكردنەوەی ڕابوردوم بەم شێوە نەخۆشی و ئازارەوە دوكتۆرەكە وتی:

تۆ دەبی عاساكەت و ئەو قورسانەی لە نەخۆشخانە پێیانداوی فڕێدەی و بیست چوار سەعاتە هاوكات لەگەڵ پینجفەرزی نویژدا ئەم شێوە وەرزشە ئەنجام بدی، دڵنیابە ئێش و ئازارت نامێنێ. كە دەستووری دوكتۆرم وەك پینج فەرزەی نوێژی موسوڵمانان ئەنجام دا، وردە وردە و ڕۆژ بەڕۆژ ئازارەكانم كەم دەبوونەوە. ئازارەكانم بنەبڕ نەبووبوو خۆم بە وەزارەتی پەروەردە ناساند،

سەرەتا لەگەڵ ڕێز حورمەتی سکرتێری وەزیری پەروەردە ڕووبەڕوو بووم و وتی:

تۆ دەبێ خۆت بە وەزارەتی ناوخۆ بناسێنی و داوای مۆڵەت بکەی و مۆڵەتت بدەنێ جا ئەو کاتە ئێمە دەتوانین یارمەتیت بکەین. هەر بەو داخوازییەی بۆ وەزارەتی پەروەردەم نووسیبوو خۆم بە وەزارەتی ناوخۆی هەریم ناساند زۆر ڕێزیان لێگرتم و بە نووسراوێکەوە بە بەشی یاسای وەزارەتی ناوخۆیان ناساندم. بەر پرسی بەشی یاسا وتی:

برای بەڕێزم ئەو کارە مرۆڤانەی لەسەر بناغەی بیرۆکەی‌تۆ و بەناوی تۆ و لەسەر ئەرکی تۆ کراوە، تۆ ئیجازەت هەیە ئەو نیهادە پیرۆزە نۆژەن بکەیتەوە، بەڵام بە پێی یاسا تۆ بۆخۆت ناتوانی بەڕێوە بەر و بەر پرسیاری بێت چونکە عیراقی نیت، مەگەر داوای هاو وڵاتیبوون بکەی و ڕەگەزنامەی عیراقی وەرگری جادەتوانی خۆت خاوەن و بەڕێوەبەری بیت، لەبەر ئەوەی تۆ پێشتر زیاتر لە دەساڵ لێرە بوییت و ئەم کارە پیرۆزەت کردوە تۆ بە پێی یاسا ڕەگەزنامەی عیراقیت پێدەدرێت و هەموو ئاسانکاریەکیشت بۆ دەکەن.

کە داخوازیەکەم پێشکەشی بەڕێوە بەرایەتی گشتی ڕەگەزنامە کرد بەو پەڕی ڕێزەوە وەری گرتم و وتی: تۆ کە خزمەتت بە منداڵانی کوردستانت کردوە و ئیستایش گەرەکتە درێژە بەو کارە پیرۆزە بدەیت.. ئێمەیش دەبێ خزمەت بەتۆ بکەین.

لەکویستان مانگی گوڵانە و لە گەرمێن واتە سلێمانی مانگی گیا گەنانە، بەو گەرمایە کەوتمە شوێن کارەکەم مەشیا خۆم بە دەستی خۆم بەدوای دۆسییەکەمەوەبم دەنا بە ساڵێکیش تەواو نابێ. بەو قرچە قرچی گەرمایە 25 ڕۆژ پادەویم کرد، ڕۆژێك کە سەرتاپام غرقی ئارەق بوو بە نارەزاییەوە ڕوومکردە ئەفسەری بەر پرسی دۆسیەکەم وتم ئەوە نزیکی مانگێکە دێم و دەچم کەی ڕەگەزنامەکەم دەدەنێ؟ ئەفسەرەکە زۆر بە نەرم و میانی وتی:

کاکە عەلی گیان منیش پرسیارێك لە جەنابت دەکەم تۆ لە وڵاتی سوید کە بێشکەی ئازادیی‌و نەزم و پریسیبە چەند چاوەڕوان بووی تا ڕەگەزنامەیان پیێ بەخشیت؟ منیش وتم:

پێنجساڵی خایاند، ئەویش وتی ئێمە بە بیست و پینج ڕۆژ ئیشی تۆمان تەواو کردوە، دیارە لێرەش کەمتر لەساڵێك ناخایەنی، کاری تۆمان وەك کارێکی پێویست پیش خستوە. فەرموو ئەوە ڕەگەزنامەکەت و بەزووترین کات بچۆ بۆ شارۆچکەی عەربەت هەویێ شەخسییەکەشت وەرگرە.

کە هەوێ و جنسییەکەم نایە گیرفانم و هەل و مەرج و مەیدان بۆ نۆژەنکردنەوەی یانەکەم ڕەخسا: بێ ئەوەی کارو کردار و نییەتم بە خەڵکی زرگوێز بڵێم هاوینە هەواری هەوایی یانەی منداڵانی سارام بە سەربانەکەی کاك ئومێدی مینەحەمشە وە لەپێش چاو خەڵك و خوای گوندی زرکوێز و ئۆردوگای (حیزبی کۆمۆنیست و



کۆمەڵە) خولقاند.

پاش زیاتر لە پازدەساڵ ڕەنج و تیکۆشانی بێوچانم، جوانترە بڵێم جەوهەری تین و توانی مەعنەوی‌و مادی‌و ئەندێشە و ئامانجی پیرۆزم: بارگە و بنەکەم، لە سەربانی ماڵەکەی کاك ئومێدی مێنحەمشە، لەپێشچاو میحراب مینبەری موسوڵمانانی گوند و کۆمۆنیستەکانی ناو تەلبەندی دڕکداری گوندی زرگوێزی گەورەدا، دابەعەرزا و هاوینەهەوارێکی هەواییم بە سەربانی کاك ئومێد مینە حەمشە،دا بۆ منداڵانی گوندی زرگوێ خولقاند.

## قوڵلەی سەرکەوتن ونیازی
## زیاتر و زەرووری ترا!

سەرەتا بە منداڵەکانی کاك ئۆمێد و کاك زاهیری برای و چەن منداڵێکی خزم و دۆستانی شاری سلێمانی یانەکەم نۆژەنکردەوە جا بە خەڵکی زرگوێزم وت: ئەم ئەرك و زەحمەتە پیرۆزەی من بۆ منداڵەکانی ئێوەیە، دڵنیابن هیچ جۆرە پاداش و تەماح (تەوەقوع) و منەتێکیش لەمنەوە بە سەر ئێوەدا نابینرێ و نابیسترێ.


سەرەنجام بە  مامۆستایەك و كارگوزارێكی خۆماڵی و دوازدە منداڵەوە  كەبۆخۆم بەڕێوەبەر مدیر و بەرپرسیار و بونیانگوزاری بووم،  یانەی سارام لەسەر شێوازی باخچەی ساوایانی وڵاتی سوید نۆژەن كردەوە.

بەڵێ: پاش سێ‌مانگ دەوام لەو هاوینە هەوارەدا بەو سەربانەوە. مەشیا بە فیكری خانوو و مامۆستاوەبم، كەبووم. خانووم بۆ هەڵكەوت و بەكرێ و زەحمەتیكی زۆر جا دڵنیابووم، ئەنجا وەختی ئەوە هاتبوو داوای هاوكاری لە وەزارەتی پەروەردە بكەم هەرنەبێ مامۆستایەكم بۆ تەرخان بكەن. بەڵام بەداخەوە وەزارەتی پەروەردە بە بەهانەی ئەوەوە كە ئەمە ناوی یانەیە  باخچەی ساەایان نیە دەبێ لە وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی داوای مامۆستا و یارمەتی بكەی. هەر بەو داواكاریەوە ڕومكردە وەزارەتی كار وباری كۆمەڵایەتی داخوازیەكم پیشكەشی وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی كرد، بەباشی وەریانگرتم و بە دۆسیەكەمەوە حەواڵەی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری كۆمەڵایەتی هەرێمیان كردم، لەوێشەوە بە دۆسیەكەمەوە حەواڵەی بەڕێوە بەرایەتی چاودێری شاری سلێمانی كرام.

نوكتەیەكی فارسی هەیە دەڵێ (كوجاشاهید میسل قازی) بەڕێوەبەرایەتی چاودێری كۆمەڵایەتی شاری سلمانی، ئەو كاك ئەمجەد)ە بوو كە بۆیەكەمینجار یانەی سارای لە شاری سلیمانی دا بۆ كردبووینەوە، بۆخۆی شاهیدی چالاكی‌یەكانی چەندساڵ لەمەو پێشی یانەی سارابوو.

سەرەنجام لێژنەیەكی سێ‌كەسی كە بریتی بوون لە ( م كەماڵ عارف – پەروەردیی) (گوڵاڵە عبدولقادر– تویژەری كۆمەڵایەتی) (بەیان مەحمود سالح توێژەری دەرونی) بۆ پشكنین و چاودێری، بە هۆی ئاشنایی و شارەزایی خۆی ناردە گوندی زرگوێز لە نزیكەوە یانەی سارایان بینی و ڕاپۆرتێكی تێر و تەسەلیان بۆ سەروی خۆیان بەرزكردەوە. واتە بەڕێوەرایەتی گشتی چاودێری هەریم، لەوێشەوە دیسانەوەبۆ وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی. ماڵی حاكم سابیر ئاوەدانبێ ئەویش حەواڵەی وەزارەتی پەروەردەی كردمەوە تەئكیدی لەسەر ئەوەكردەوە كە مامۆستایەكم بدەنێ، وەزارەتی پەروەردەی ناچاركرد مامۆستایەكم بۆدابین كەن كەكردیان، ئێستا من بوومە خاوەن دوو مامۆستا و كارگوزارێك.  خۆم و مامۆستاو كارگوزارەكەم لەسەر ئەركی خۆم و مامۆستای پەروەردەیش لەسەر  ئەركی وەزارەتی پەروەردە.

پایز بە گەردەلوول و تەپ و تۆزەوە بەرۆكی بە هاوینە هەوارەكەمان گرت ناچار بووم بەزەحمەت و كوێرەوەریەكی زۆرەوە بچمە ناو بینایەكی نا تەكمیل بۆ ماوەی مانگێك شان



بەشانی وەستا و كرێكارەكان كاربكەم تا جێگە و ڕێگەیەكی گونجاو بۆ مامۆستا و منداڵەكان وەچنگ بێنم.

 كە جێگە و ڕێگەی شیاو و گونجاوم جێبەجێ كرد و بە شێوازی پەروەردەی پیشكەوتوانە بەتایبەت شێوازی پەروەردەی باخچەی ساوایانی كیشوەری سوێد دەسبەكاربووین بووینە دوورنومایەكی شیاو و شیك و شیرین و باسی سەرزاری خاس و عام: جا ڕوومكردە وەزارەتی ڕۆشنبیری و داوای هاوكاری و یارمەتیم بۆ یانە و گۆڤارەكەم كرد. وەزارەتی ڕۆشنبیری مۆڵەتی بە گۆڤارەكەم بەخشی و مانگانە بری سێ‌سەدهەزار 300000  دیناری ( تەبع واتە  200 دۆلار  بۆ یانەكەم بریەوە بڕیار درا لە سەرەتای ساڵی 2006 وە بەردەوام بماندنێ، بەڵام تا ئیمڕۆ كە ئەم ڕاپۆرتە دەنووسم كە          ( 20 / 6 / 2006 )ە   هیشتا بەدەستمان نەگەیشتوە نازانم بۆ؟

 ئازیزانم  ئەمە چەن لاپەڕێكە لە بەشی سێهەمی ڕاپۆرت و بەڵگە نامەكان كە وەك پاشكۆی گۆڤاری جیهانی منالان ژمارە 16چاپ و بلاو دەكرێتەوە. بەڵگە واتە دوكومینتە كانی دووهەم لە پاشكۆی  گۆڤاری جیهانی منالاندا ژمار 15 چاپ و بلاو كراوەتەوە. بەشی یەكەمیش، وەك نامیلكەیەكی  سەربەخۆی چل لاپەڕەیی چاپكراوە لە ماڵپەڕ گۆڤارەكەیشدا هەیە. هەروەها گشت ژمارەكانی گۆڤارەكەو بەشێك لە بەرهەمەكانی سەرنووسەرییشی تێدایە   www. Jmnalan. org



نزیکەی چل منالّم وەخۆ گرتوە ئەرکەکەم لە تواناییەکەم زیاترە.
ئەوانیش وتیان:
بەداخەوە مەسەلەی بینا لە دەستەلاّتی وەزارەتی پەروەردەدا نیە، لەدەستەلاّتی سەرەوەدایە واتە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران. ئێمە وەك وەزارەتی پەروەردە، ئیستا نیازمەندی دەیان بینایین بۆ سەرەتایی و ناوەندیو دواناوەندی، ئەم نیازە زەرووریەمان تەنیا بۆ ناو شاری سلێمانیە جگە لە شارۆچکە و گوندەکانی دەورو بەر، هەر ئێستا لەم گوندی زڕگوێزەدا بینا بۆ قوتابخانەی ناوەندی نیە. ئەمە بەو مانایە نیە هەر نەبێ، دەبێ بەلاّم ڕنگە چەندین سالّی پێ بچێ تا بێنیازبین. وتم:
من هەر ئێستا بە ئیعتیباری خۆمەوە بۆ بنیاتنانی بینایش تێدەکۆشم و دەسبەکار دەبم.

2006/3/9



ئێستاکە کە نزیکەی سالّێك بەسەر نۆژەنکردنەوەی یانەکەماندا گوزەراوە لە لایەن ڕۆژنامەی کوردستانی نوێو تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان و تەلەفزیۆنی ئازادی و ڕۆژنامەی کەرکووکی نوێو ڕۆژنامەی سارێژ. ڕیپۆرتاژیان دەربارەی بلاّوکردۆتەوە کە بۆتە جێگای سەرنج و باس و خواسی خاس و عام. هەروەها لەسەر بڕیاری مدیرعامی وەزارەتی پەروەردە لیژنیەکی سێکەسی وەزارەتی پەروەردە، کەبریتیبوون لە( پەروین خان سکرتێری وەزیر) و (مامۆستا فەهمی ئەمین عەزین) ڕاویژکاری وەزیر و (نەرمین حسێن ڕەمەزان) ن / و پەروەردە) و سەرپەرشتیاری گشتی باخچەی ساوایانی هەرێم ) بە مەبەستی پشکنین و چاودێری، هاوکاری، هاوبەشی، سەردان و لێکۆلّینەوە، ڕوویان تێکردین. بە بینین و پشکنینی ئارشیڤی باخچەی ساوایانی سارا و نووسینگەی گۆڤاری جیهانی منالاّن، بەوپەڕی ڕەزامەندی پێخۆشحالّییەوە وتیان: ئەوکارە پیرۆزە تۆ کردوتە شیاوی ئەوەیە هەموو جۆرە یارمەتیەکت بکەین و لەگشت ئیمکاناتێکی باخچەی ساوایانی هەرێم بەهرەمەند بیت ، چیت پێویستە و زەروورییە بلّێ تا هەولّ بدەین بۆت جێبەجێ کەین. وتم:
ئێستا لە حالّی حازردا جگە لە بینایەکی گونجاو هیچم پێویست نیە. بۆیە دەلّێم ئێستا! من بڕیارم دابوو بە پێی توانای خۆم منداڵ وەخۆگرم کە تەنیا بیست منالّ لەتوانام دایە، بەلاّم ئێستا

## بۆ بەڕێز بەڕێوەبەرێتی شارۆچکەی عەربەت

بابەت / بەخشینی عەرزە بۆ بنیاتنانی بینای (یانەی) باخچەی ساوایانی گوندی زرگوێزی گەورە و دەورووبەری

بەڕێزان من علی حەمەئەمین باپێر سەرنووسەری گۆڤاری جیهانی منالان و بونیانگوزاری یانەی سارا ئەوسا لەسلێمانی ، سەقز ، بۆکان و سنە و ئێستاکە ( حەی و حازر لە گوندی زرگوێزی گەورەی سلێمانی.

پاش چوارسالْ تەمەنی یانەکەم کە بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵ و نیوێك بە مۆڵەتی ڕەسمی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستانەوە لە گەڕەکی رزگاری سلێمان و پاشان بەشێوەی نیوەنهینی و نیوە ئاشکرا و (لامەرکەزی) لەشاری سەقز و بۆکان و سنە، ئیستایش ئەوە ماوەی سالێکە لەگوندی زرِ گویزی ژێر دەسەلاتی جەنابتاندا بە جوانترین شێوەی پەروەردەی نوێی هاوچەرخ لە بینایەکی پاك و خاوێن شیك و شیرینی تەنگەلان دا درێژە بە(حەیاتی) ئەو نیهادە پیرۆزە دەدەم.

ئێستاکە گرینگترین ئاواتم ئەوەیە بە هاوکاری حوکوومەتی هەرێمی کوردستان و خەڵکانی خێرخواز بینایەك بۆ ئەم نیهادە پیرۆزە بخولقێنم ببێتە ملْك و ناوەندێکی هەتا هەتایەی باخچەی ساوایانی نەوەکانی ئیستاو پاشەڕۆژی گوندی زرگوێز و دەوروبەری . نەمڵکی من بێ نە ملْکی ئێوە نەملْکی کەس.. بەلْکوو ملْکی مندالانی کوڕپەی ئێستا و دواڕۆژی کوردستان بێت .

بەرپرسیار و بونیانگوزاری (یانەی) باخچەی ساوایانی سارای ە سەرنووسوری گۆڤاری جیهانی منالان، عەلیحەمەئەمین باپێر

ناسراو بە میرزا عەلی کیتابی

وێنە

1- بۆ بەڕێز ئەنجومەنی وەزیرانی حکوومەتی یەکگرتووی هورێمی کوردستان

2- بەڕێز وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی سلێمانی

3- بەڕێوە بەرێتی و سەرپەرشتیاری کشتی باخچەی ساوایانی سلێمانی

ل 10 ژمارە (115) 2006/5/16 کـەرکـوکـی ئەمڕۆ

ئەدەب و هەنەر www.runakbiry.tk

## دیدار

### عەلی کیتابی هیوادارم لە کەرکوك منالانی فرە نەتەوە لە یانەیەکدا کۆ بکەمەوە

ئا/ سەمیرە ئەحمەد

زۆرکەمن ئەو کەسانەی کەژیان و سەروەت و سامانی خۆیان تەرخان دەکەن بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی هەندێ جار لێرەو لەوێ دەبیستین کە فلان قوتابخانەیەکی دروستکرد، یاخود نەخۆشخانەیەك یان هەرکارێکی خزمەتگوزاری تر لەسەر ئەرکی فلان. ئەوەی دەمەوێ تیشك بخەمە سەری پرۆژەیەکی ساوایە بەلام ئامانجێکی هەرە گەورەی بەدواوەیە. باس لە کاری مرۆڤێکی خۆنویست دەکەین کە بڕوای وایە لەگەلْ بەردەوامی ژیاندا مرۆڤ، دەبێ خزمەت بکات. مامۆستا عەلی کیتابی شاعیرو ئەدیب و رۆژنامە نووس خاوەنی رۆمانە کانی سارا و سورسورەی مەرگ، سارا بەرگێك و سورسورەی مەرگ لە پێنج بەرگدا هەر وەها سەردەبیر و خاوەن ئیمتیازی وەرزە گۆڤاری جیهانی منالان ە . مامۆستا شۆرشگێرێکی خەباتی چینایەتی کوردستانی ئێرانە ئێستا بە شێوازێکیتر پەیامی خۆی دەگەیەنێ و چەکەکەی داناوە و قەڵەم و گیرفانەکەی خستۆتە کارەوە بۆ دابینکردنی دوارۆژێکی گەشەدار بۆ مندالان و خزمەتی مەزنی ئایندەی مرۆڤایەتی، بایەخ دەدا بەتەواوی ئەو فاکتەر و وەسیلانەی کە دەبنە پرۆسەیەکی یاریدەدەر و ڕێگا خۆشکەر بۆ دارشتن و چەسپاندنی پەروەردەی دروستی منداڵ. لە سەردانێکدا بۆ شاری کەرکوك ئەم دیدارەمان لەگەڵیدا سازکرد.

* مامۆستا عەلی کێیە؟

* ناوم عەلی حەمەئەمین باپیر ناسراو بە میرزا عەلی کیتابی ساڵی 1936 ز لە گوندێکی بناری قەندیل بەودیوا لە نێوان مەهاباد و خانێ چاوم بە دونیا هەڵێناوە، باەکیشم لە هەوشار و باپیرە گەورەیشم لە ناوچەی مەنمی لە نێوان شارەکانی بیجار و سنە و دیواندەرە هاتونەتە دنیاوە، ئەو ئاوارەیی و دەربەدەریە بەئیرس ماوەتەوە بۆم، لەبەر ئەوەی باوکم هەرگیز سەری نەوێ نەکردوە بۆ زوڵم و زۆری دوژمنان. هەرساڵێك لە دێیەك بووە منیش نزیکەی (30 )ساڵ پیشمەرگە بووم ئێستاش هەر خۆم بە پێشمەرگە دەزانم بەلام پێشمەرگەی بیر و باوەڕ نەك چەکداری، من وەك هاو ولاتییەك لە ولاتی سوید خانە نشین کراوم، راستە من خەڵکی کوردستانی ئێرانم بەلام ئێستا لە کوردستانی عیراق دەژیم و خوم بە خەڵکی ئێرەش دەزانم هەروەها لە سویدیش دەژیم لە هەر شوینێك بم بە ولاتی خۆمی دەزانم و خزمەتی مرۆڤایەتی دەکەم.

* ناز ناوی کیتابی له چییەوه هاتووه؟

* له ئێران که ناسنامه دەردەهێنرێ دەبێ لەقەبێکت هەبێ باوکم دوای سووتانی کونده کەی له سەردەمی ڕەزاشای گەورەدا لیژنەیەك دێن ئامار دەگرن له باوکم دەپرسن چ لەقەبێکت بۆ بنووسین؟ ئەویش دەڵێ به کەیفی خۆتان، لەبەر ئەوەی باوکم تاکه خوێندەواری گوندەکه بووه و کتێب له ماڵەکەیدا هەبووه لەقەبی کیتابی بۆ دەنووسن.

* چەند سێدییەکمان بینی ئامازەی بۆ کار و چالاکی بەرێزتان دەکرد له بواری پەروەردەی منداڵاندا، تکایه لەو بارەوه بۆمان بدوێ:

* سێدییەکان باس له نووسین و کارەکانم دەکەن، کۆمەڵێ نووسین له بارەی ئافرەتان و پەروەردەی منداڵ و هەروەها ڕۆمانی سارا لەیەك بەرگ دا و ڕۆمانی سورسورەی مەرگ له پێنج بەرگدا بڵاو بوونەتەوە، وه گۆڤاری جیهانی مناڵان که گۆڤارێکی وەرزییه و دەربارەی منداڵان دەر دەردەکرێ تا ئێستا (15) ژمارەی لێ دەرچووه، هەروەها بونیادنان و بەدوادا چوون و بەڕێوەبردنی یانەی سارای مناڵان که ساڵی پێنجەمیەتی، سەرەتا له سلێمانی به شێوەی عەلەنی و ڕەسمی پاشان له سەقز و بۆکان و سنه نیوه نهێنی و نیوه ئاشکرا، ئیستایش له گوندی زرگوێزی گەورەی سلێمانی که لەسەر سێدی بینیتان وەك بەڵگەیەکی زیندو بڵاو بوونەتەوە.

* چی هاندەرت بوو بۆ کارکردن له بواری مناڵاندا؟

* من : له ڕۆژگاری خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتیدا کەسێکی (سادق) و سادەبووم بڕوام بتەو بوو به ئامانجەکەم. بەڵام بەداخەوه له دەورانی خەباتمدا لەگەڵ ئەو حیزبانەی کەمن خەباتم لەگەڵیاندا کردوه، بۆم دەرکەوت وتار و کرداریان یەك ناگرێتەوه درۆ دەکەن لەگەڵ خەڵکدا. تا وام لێهات بێئومیدبووم وازم له چەکداری و حیزبایەتی هێنا. بیرم کردەوه و گەیشتمه ئەو ئەنجامەی کەمن دەتوانم لەبواری مناڵاندا خزمەت بکەم. بۆیه له یانەی ساراوه دەستم پێکرد که بریتیه له باخچەی ساوایان و ئیستا له گوندی زرگوێزه و نزیکەی 35 منداڵی تێدایه و مامۆستاو کارگوزاریان هەیه و شێوازی پەروەردەیی سویدی تێدا پەیڕەو دەکرێت و هاوینه هەوارێکم بۆ دروستکردوون ، بەرنامەکانی فێرکردنی بریتین له هاوڕێیی ڕاستگۆیی هەست و سۆز و خۆشەویستی به هاوەڵان مامۆستا و دایك و باوك و دەرو دراوسێ هەروەها سروود و گۆرانی و مەله و ... هەروەها کۆبوونەوه وت و وێژ لەگەڵ دایکان و باوکانی منداڵەکان.

* ئایا له بواری ئابووری، خەرجی یانەی سارا و گۆڤاری جیهانی منداڵان هیچ کۆمەك دەکرێیت؟

* تەکالیفی ئەم کارەم تەنها له گیرفانی خۆم و ژیانم تەرخان کردوه بۆ خزمەتی منداڵان، کۆمەکیش کراوم بەڵام زۆر کەمه بەرامبەر کارەکەم بۆ نموونه ماوەی زیاتر لەساڵێکه هاتومەتەوە بۆ سلێمانی زیاتر له 15 پازده هەزار دۆلارم خەرج کردوه تەنها 5 پێنج هەزاردۆلار کۆمەك کراوم 150 سەدەپەنجا دۆلار له لایەن ڕێکخراوی cdo و 4350 چوارهەزار دۆلار له لایەن مەهاباداغی ڕاوێژکاری سەرۆك وەزیران بۆ کاروباری یەکسانی کراوه له لایەن حکومەتی هەرێمی سلیمانی جگه له یارمەتی مەعنەوی و پشتگیری تا ئێستا له بواری ئابوورییەوه هیچ یارمەتی نەکراوم هەرکەسیك یارمەتی کردبیتم لەیەکەم لاپەڕەی گۆڤارەکەمدا ئیشارەم پێکردوه، گەر نوسخەیك له گۆڤارەکەم به کەسێك دابێ‌و دۆلارێکی پێدابیتم وەك یارمەتی ئیشارەم پێکردوه چونکه گۆڤارەکه بۆ فرۆشتن نیه. گۆڤارەکه سەرەتا پێنج سەد دانەی له سوید لێ چاپ و له کوردستانیش بڵاو دەکرایەوه، بەڵام ئێستا له تیراژێکی کەم چاپدەکرێ چونکه به سێدی بڵاویدەکەمەوه له هەر سێدیەکدا جگه له تازەترین ژمارەی گشت ژمارەکانی و بەشێکی بەرچاو له نووسینەکانیشمی تێدا بڵاودەکەمەوە ماڵپەڕیشمان هەیه ئەمه ئەدرەسەکەیەتی www.jmnalan.org

* گۆڤارەکه ناوی جیهانی مناڵانه بەڵام بابەتەکانی بۆ گەورەساڵانه ئایا نیازتان هەیه گۆڤارێکی منداڵانه دەر بکەن؟

* گەر دیقەت بدەیت له سەربەرگی گۆڤارەکه نووسراوه گۆڤارێکی فەلسەفی ئەدەبی هونەریه دەر بارەی منداڵان. به نیسبەت گۆڤارێکی تایبەت به منداڵان ژمارەیەکی زۆر گۆڤاری منداڵان هەن له سلێمانی گەر بۆمان بکرێ خۆ خراپنیه بەڵام من ئەم گۆڤاره به پێویست تر دەزانم که بریتییه له شێوازی پەروەردەیی منداڵان.

* چ بیرەوەریەکی تاڵت لەیاده که پەیوەندی به منداڵانەوه هەبێ؟

* کاتێك که گەنج بووم له ماڵی ناسیاوێکم بووم له گوندێکی شارەزوور شەوێك ماڵێك گڕی تێبەربەه له گەڵ خەڵکدا خۆم گەیانده ئاگرەکه گوێم له گریانی مناڵێك بوو لەناو ئاگرەکەدا خۆم بۆ نەگیرا خۆمکردەناو ئاگرەکەدا منداڵەکەم به لانکەوه لەناو ئاگرەکه ڕزگار کرد بەڵام دایك و باوکی منداڵەکه تیاچوون تەنیا ئەو منداڵه مایەوه، کەسو کاری منداڵەکه له گریان و سکووت زیاتر هیچ هۆی کارەساتەکەیان ئاشکرا نەکرد، پاشان بیستم که باوکی منداڵەکه تەنەکەیەك گازۆلی دزیبوو له بەدبەختی ئەو گازۆڵ نەبوو بەنزین بوو. ئەمه زۆر ئازاریدام.

* ئایا مامۆستا کیتابی منداڵێکی ئاسووده بووه یاخود بێبەری بووه له مناڵێتی؟

* دەتوانم بڵێم من وەکوو مناڵ پەروەرده نەکراوم، دەتوانم بڵێم کەهەرگیز هیچ شتێکی مناڵانەم پەیڕەو نەکردوه شێوەی ژیانی

جوانی و منالّیم نەبووە، کە عومرم (10)ساڵان بووە ئیتر باوکم حیسابی پیاوی بۆ کردووم، لەمەجلیسی پیاواندا دایدەنام، هەموو کارەکانی خۆی خستبووە ئەستۆی من، هەمیشە لەگەڵ پیاوانی 60 و70 ساڵاندا دادەنیشتم بۆ کاروباری گوندەکەمان.

* جیاوازی نێوان منداڵانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و کوردستانی ڕۆژاوا چۆن دەبینی؟

* ەمن دەمێکە لە ئێران دابڕاوم بەڵام ئاگام لە ئێران هەیە. بێگومان هەموو منداڵێك لەژێر کاریگەری کولتووری خێزان، گەرەك و شارەکەی پەروەردە دەبێ، ئاستی وشیاری و ڕۆشنبیری و ئازادیخوازی لە کوێدا بوو منداڵ لەوێوە پەروەردە دەبێت، پێموایە پەروەردەی منالّی ئێران باشترە لە پەروەردەی برێك لە منالانی ئێرە چونکە بە حەقیقەت شارستانێتی ئێران شارستانێتێکی ئەورووپیە و لێرە پێشکەوتوو ترە، ئەویش هۆی مەرکەزییەتی حوکمڕانییە، کوردستانی ئێران لەژێرکاریگەری تاراندایە ئەویش لە ئەورووپاوە شارستانییەتی بۆ گوێزراوەتەوە. بەڵام کوردستانی عیراق لەژێر دەستەلاتی شارستانییەتی عەرەب دابووە بەتایبەت کاریگەری ڕژێمی سەدام. کاتیخۆی کەسێکیان ناردوە بزانێ جیاوازی شارستانێتی ئێران و ئێراق چۆنە. ئەو کەسەش گەڕاوەتەوە وتوویەتی: ( الادب عندالعجم والکرم عندالعرب) من بۆخۆم پیادەی ئەو جیاوازیەم کردوە، ئەو سەخاوەتەی لێرە هەیە لە ئێران نییە، ئەو ئەدەب و ئەرکان نەزمەش لە ئێران هەیە لێرە نییە.

* ئایا هیچ کارێکت بۆ بواری ئافرەتان کردوە

* من ئافرەتم لە منالّ پێ پیرۆزترە ئافرەت دایکە و بەردی بناغەی ژیان لە داوێنی دایکەوە دەست پێدەکات. کۆش و باوەشی دایك بەهشتێکە بۆ منالّ. زۆر بوێرانە و ڕاشکاوانە دیفاعم لە ژن کردوە: بۆ نموونە لە کورتە پەخشانێکم دا دەڵێم:

ئەو دایکەی ناچارە گش کات پشتێنەکەی توند ببەستی لە برسانا سك هەڵگوشێ سێ ژەمی ڕۆژ کاتە یەکێ بە ناچاری، بۆ کرینی لیترێك شیر و کەمێك پۆشاك، بۆ منداڵە بێبابەکەی لەش بفرۆشێ، ئەو پارچە پەڕۆیەی لەشی کریار و خۆی پێوشك دەکاتەوە، بێگومان لە مێزەرەی شێخ و مەلا و دروشم و دەرەجە و بۆینباخی حاکمان و بازاڕیەکان زۆر خاوین و پیرۆزترە .

* ئایا منداڵان سێجار چەوساوەنین لە لایەن دایك و باوك و دەسەلاتەوە؟

* من پێم وایە ئەو منداڵانەی من پەروەردەیان دەکەم و هەموو منداڵان و هەموو ئافرەتان لە نێوان سێ بەرداش دا دەهاڕدرێن؟! ئەو بەرداشانەش( حیزب و مەزهەب و بازاڕە) ئەمانە بەرداشێکن بەشەرییت دەهاڕن.

* پرۆژەی داهاتووتان چیە؟

* بڕیار وایە یانەی سارا لە گوندی زرگوێز تەسلیمی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی سلێمانی بکەم و بە نیازم لێرە لە کەرکوك لە گەڕەکێکدا کە فرە نەتەوەیی بێت، منالانی هەموو نەتەوەکان لە یانەیەکدا کۆبکەمەوە بە پراتیك لە حوکمەتەوە یانەکەی زرگوێزیش هەر بەردەوام دەبێت و خۆیشم لە دوورەوە چاودێریی دەکەم. دەمەوی شێوازی پەروەردەیی سوید و نەرویج و ئەورۆپا بگوێزمەوە بۆ کەرکووك. ئاواتە خوازیشم ببێتە مایەی ئەوەش کە کەسانێکی دیکەش بەم شێوازە بێنە مەیدان و لەو جۆرە کارانە بکەن.

* پەیامتان چیە بۆ دایکان و باوکان؟

* ئاواتم سەرکەوتنی دایکان و باوکانە، بەڵام پەیامی تایبەتم بۆدایکان ئەوەیە قەت درۆ لەگەڵ مێرد و منداڵەکانیان نەکەن باوکانیش هەروەها...

××××××××××××××××××××××××

ژمارە (27) N0: ( 27) Sep /2005 3
ئەیلولی 2005 ژمارە (27) ساڕێژ

## یانەی سارا و نووسینگەی گۆڤاری جیهانی منالان لە ئامێزی گوندی زرگوێزی گەورە دا

ئامادە کردنی/ محمەد ڕەئوف محمد امین

هەرکەسێك ڕێی بکەوێتە کوندی زرگوێزی گەورە کە دەکەوێتە سەر ڕێگای 45 کم سلێمانی قەرەداغ، پاشان کەمێك چوونە ناو گوندەکەوە، چاوی بە خانوێکی دوو نهۆمی شێوە ڕۆژاوایی دەکەوێت کە ئەم تابلۆیەی پێوەیە،یانەی سارا و نوسینگەی گۆڤاری جیهانی منالان: جا بۆ ئەوەی کەمێك بەم جێگایە ئاشنابیت، ئێستا هەنگاوێك دەچیتە ژوورەوە، خانووەکە دوو نهۆمە لە ڕووی هەیکەلەوە هاو شێوە باغچەی ساوایانی خۆمانە بەڵام کەمێك بچکۆلەیە بەڕێز کاك عەلی ناسراو بە ( عەلی کیتابی) بەڕێوەی دەبات و سەرپەرشتی دەکات.

عەلی کیتابی ناوی تەواوی بریتییە لە ( عەلی حەمەئەمین باپیر) لەدایکبووی ساڵی 1936 ساڵانێکی دوور و درێژ لە ئەورووپادەژی، ئێستا خێزان و خانەوادەی نییە، لە بنەڕەتدا خەڵکی شاری سەقزی کوردستانی ڕۆژهەلاتە، بەڵام لەبەر بارو دۆخی سیاسی خۆیو نەگونجاندنی هەل و مەرج بۆی ئێستا ئەوێی بەجێ هێشتووە.

بە سیماو ڕوخسار پیاوێکی سەرسپی و ڕوخسارجوان و هەمیشە دەم بە زەردە خەنەیە.

ئەم پیاوە هەستاوە بە کردنەوەی یانەیەك لەسەر بودجەی تەنیا خودی خۆی بە بێ یارمەتی هیچ لایەن وحیزب و ڕێکخراوێك، یانەکەی لانەیەکی پەروەردەیی بۆ بۆ منالان، وەك وتم هاو شێوەی باغچەی ساوایانی خۆمانە لە ڕووی پرۆگرامەوە بەلام بە شێوازێکی تر.

ئێستا با بزانین کاك عەلی خۆی لەنزیکەوە دەڵێ چی؟

بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم یانەیە دەگەڕێتەوە بۆ 12 ساڵ لەمەو بەر، کاتێك کە لە سوید دەژیام چاوم بە شێوازی پەروەردەیی و فێرکردنی منداڵانی ئەوێ کەوت کاری تێکردم بیرۆکەی دامەزراندنی وەها یانەیەك لام دروست بوو کە لەکوردستان بۆ منداڵانی کوردی بکەمەوە.

لە ڕاستیدا حەزم دەکرد دەسپێکی کارەکەم لە شاری سەقز و لەگوندەکەی خۆم بوایە بەلام لەبەر نەگونجانی باری سیاسی خۆم نەمتوانی ئەوەبکەم و ئەو ئاواتەم بێنمەدی، هەربۆیە ئەم بیرۆکەیەم پێباش بوو کە بیگوێزمەوە بۆ شاری سلێمانی، چونکە مەبەستیشمە کە دوای خۆم خەڵك یان دانیشتوانی ناوچەکە کەڵك لەمجۆرە پەروەردەیە وەربگرن.

بۆیە بۆ یەکەمجار لە بەهاری ساڵی 2002 دا لە گەڕەکی ڕزگاری شاری سلێمانی توانیم ئەو یانەیە بکەمەوە، تەنها دووبرادەری خۆم یارمەتیان دام، ئەوانەش برای نووسەر مامۆستا ڕەوف حەسەن لە سلێمانی و کاك شەهاب مەنمی لە سوید، تەنیا ئەو دوانە یەك لێرەو یەك لە ئەوروپاو خۆم یانەکەمان کردەوە، پاش ساڵ و نیویك بەهۆی پرۆسەی ئازاد کردنی عیراق و لێدانەکانی ئەمریکا بۆسەر عێراق نەمانتووانی درێژە بە کارەکەمان بدەین. من ناچار بووم بە شێوەیەکی لامەرکەزی و نیوە نهێنی و نیوە ئاشکرا گوازتمەوە بۆ سەقز و بۆکان پاشان سنە. بەلام خۆشبەختانە پاش سێ ساڵ و لەم دواییەدا لە زستانی ئەمساڵدا 2005 بۆ خۆم لە ئەوروپاوە گەڕامەوە دوستم کردە ملی یانەکەم ئەمجارەیان لە گوندی زرگوێزی گەورە یانەکەم نوژەنکردەوە. ئێستا بۆخۆم سەرپەرشتی دەکەم.

ئێستا لێرە یانەکە بریتیە لە بینایەکی دوو نهۆمی بچووك کە بەکرێ مانگانە 200 دۆلار بە کرێمگرتوە، نزیکەی 25 منداڵ لە تەمەنی نێوان 3–5 ساڵ ڕۆژانە دێنە یانەکە و تەنها خۆم و مامیستایەك کە دانیشتوی ئەم گوندەیە و لە لایەن خۆمەوە مووچەی مانگانەم بۆ دابین کردوە بەناوی (بەهار حەمەئەمین عەلی) ڕۆژانە دێتە ئێرە و انەی پەروەردەیی یاری و وەرزش و سروود و گۆرانییان فێردەکەین. کارگوزارێکی ئافرەتیشمان هەیە کە هەرخەڵکی گوندەکەیە و هاوسێ یانەکەیە، ڕۆژانە دێتە ئێرە بۆ پاك و خاوێنی و ئامادەکردنی خواردن بۆ منداڵەکانی وە ئەستۆ گرتوە کە ئەمیش خۆم مووچەم بۆ دابێن کردوە، ناوی (شارا ئەحمەد محمد)ە شایانی ئاماژە پێکردنە لە یانەکەماندا ڕۆژانە میوە یا شیرینی و ژەمێك خواردن بۆ منداڵەکان ئامادە دەکات.هەروەها چەندجۆر یاری جۆراوجۆر، پاسکیل و ئۆتۆمبیلی منداڵانە و کورسی و میز و مەلەوانگە و چەندین جۆری تر یاری بچووکی منداڵانە. هەروەها کۆمپیوتریشمان داناوە بە نیازم لە داهاتوودا منداڵانی تەمەن 8 – 9 ساڵ کەڵکی لێ وەربگرن، وێڕای ئەمانەش یانەکەمان لە سەرەوە ژوورێکی تایبەتی هەیە کە نووسینگوی گۆڤارەکەمانە، گۆڤارەکەشم ناوی (( جیهانی منداڵانە)) تا ئێستا توانیومە 14 ژمارەم لێ بەچاپ گەیاندوە. گۆڤارەکە وەرزییە و هەر سێمانگ جارێك دەردەچێت، وە ناوەرۆکی گۆڤارەکەش فەلسەفی، ئەدەبی و هونەرییە دەربارەی منالان بە وینەی کاریکاتێری ڕەنگاڕەنگ و منالانەدا دەوڵەمەندە.

وە پەیرەو و پرۆگرامی یانەکەش و ڕێچکەو نووسینی گۆڤارەکەشمان بەدەر لە هەموو بۆچوونێکی سیاسی و دینی و ڕەگەز پەرستی. لەڕووی ئیمکانات و بودجەی بەڕێوە بردنی ئەم یانەشەوە، تاکە سەرچاوەی شادەماری خەرجیەکان تەنها مووچەی کاك عەلی خۆیەتی، کە مووچوی خانە نشینی هەیە لە وڵاتی سوید، هەروەها خۆی دەڵێ:

هەندێ لە خوینەرە بەڕێزەکانی گۆڤارەکەشم جارجار یارمەتی بە پێی توانای مادی خۆشیان پێشکەش دەکەن، بە کوردیو و کورتی بڵێم 30٪لەسەر دۆست و هەوادار و خوینەرانی گۆڤارەکەمە.

عەلی کیتابی لە کۆتایی ووتەکانی دا وتی:

پێویستە هەموو گوندێ لە کوردستان یانە و باخچەی ساوایانی لەمجۆرەی تێدا بێت، چونکە ئەوانە دەبنە بەردی بناغە بۆ پێکهاتنی ژیانی شارستانیو مەدەنی و مودیرن و پەروەردەی ڕاست و دروست.

هەروەها وتی: ئومێدەوارم حکومەتی هەرێم هاوکار و هاو غەمم بێت و بێت بە دەم کەمو کوڕیەکانمەوە، هەروەها داوای مامۆستام کردوە لە وەزارەتی پەروەرد و داوای تویژەرەوەم لە وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتی کردوە.

هەروەها پێویستم بە پزیشك یان کارمەندێکی تەندروستی هەیە کە دەمەوێت هەفتانە سەردانی منداڵەکان بکات و فۆرمی تایبەت بە منداڵەکان بکات و پشکنینی پزیشکیان بۆ ئەنجام بدات، هەروەها داواکاریشم بە هۆبەی ژینگە پارێز و چاودێری

تەندروستی كردوە تا ئەو خاك و خۆڵ و زبڵ و ئاوە ڕۆ و پیسیەی بەردرگاو خوار گوندە كەمان بۆ دوور بخەنەوە یان ڕێگاچارەیەكی تری بۆ بدۆزنەوە. لە كۆتایی دا وتی :

زۆر سوپاس بۆ بلاْوكراوەكەتان بەخێربێن. ئێمەش زۆر سوپاسی كاك عەلی دەكەین و هیواداریین نموونەی ووزر بێت و سەركەوتوو و سەر فەراز بێت .

×××××××××××××××××××××××

ژمارە/....150 ............

بەروار/. 2006 /4/23

**باخچەی ساوایانی سارا**

**لە بەرپرسیار و بەرێوەبەری**

**باخچەی ساوایانی گوندی زرگۆیزی گەورە**

**بۆ بەرێز / لیژنەی هاوكاری ڕێكخراوەكان بەتایبەت نووسینگەی مامۆستا دلْشاد**

**بابەت / وەبیر هینانەوە و گلەیی**

**بەرێزان نزیكەی ساڵێكە داوای یارمەتی و هاوكاریمان لێكردن وەلاْمی موسبەتتان پێداین و بڕی یارمەتی مانگانەشتان دیاریكرد بەلاْم بەداخەوە تا ئێستا بەنەسیبمان نەبووە بۆ؟**

**لەگەڵ ڕێز و سوپاسی سەردەبیر گۆڤاری جیهانی مناڵان و بەر پرسیار و بونیانگوزاری باخچەی ساوایانی سارا لەگوندی زرگۆیز**

**عەلی كیتابی**

ژمارە/....150 ....

بەروار/. 2006 /6/14

**باخچەی ساوایانی سارا**

**لە بەر پرسیار و بەرێوەبەری**

**باخچەی ساوایانی گوندی زرگۆیزی گەورە**

**بۆ بەرێز بەرپرسیاری بنكەی باشماخ**

**ب / وەرگرتنی ڕوخسەت بۆ میوان**

**بەرێز: من عەلی حەمەئەمین باپیر سەرنوسەری گۆڤاری جیهانی منداڵان و بەرپرسیار و بونیانگوزاری باخچەی ساوایانی گوندی زرگویزی گەورو داواكارم لە بەرێزتا ڕۆخسەت بفەرموون بە خوشكەزاو خوشكەزاكانم خاتو فەریدە سدیق شاپەسەندی خۆیو دوومنداڵەكەی 1 پەیام تۆفیق عەبدولاْ 2 پوریا تۆفیق عەبدولاْ كە خوشكە زازامن لەگەڵ دایكیان بێن بۆ سەردانم كە بە درێژایی ژیانی خۆیان و دایكیان لە نزیكەوە نەمدیون.**

**لەبەر ئەوەی خۆم ناكرێ و ناشێ بێم بۆ سنوور ئەوابەڵگەی گرنگم نارده خزمەتتان كە كۆپی هەویۆ مۆڵەتی كارەكانمن.**

**لەگەڵ ڕێز سلاْوی عەلی عەمە ئەمین باپیر ناسراو بە عەلی كیتابی**

×××××××××××××××××××××××

ژمارە/......................

بەروار/.....................

**باخچەی ساوایانی سارا**

**لە بەرپرسیار و بەرێوەبەری**

**باخچەی ساوایانی گوندی زرگۆیزی گەورە**

**بۆ بەرێز / بەرێوەبەرایەتی شاری یاری**

**بابەت /سەردان**

**بەرێزان ئاگادارتان دەكەین بەنیازین ئەمڕۆ دەوامی منداڵانی باخچەكەمان بكەینە سەردانی شارە خنجیلانە ڕازاوەكەتان واتە شاری یاری لەناو دڵی پاركی ئازادی هەرێم دا. بێگومان دیمەنێكی جوان لەمیشكی منداڵەكانماندا بۆ هەمیشە تەسویر و تۆمار دەكرێت.**

**ژمارەی مناڵەكان ....................**

**مامۆستا و كارگوزارەكان................**

**لەگەڵ ڕێز و سوپاسی بەرپرسیار و بونیانگوزار**

**عەلی كیتابی**

×××××××××××××××××××××××

وەزارەتی پەروەردە　　　　　　　　　　　　هەرێمی کـــــــــوردستان

بەریوەبەرێتی گشتی پەروەردەی

ســـــلێمانی　　　　　　　　　　　　　　　　　　　　ژمارە

بەروار /2006/6/26

بۆ/ بەرێوەبەرێتی گشتی پەرۆەردە / نوسینگەی بەرێز بەرێوەبەری گشتی

ب / وەڵامی لیژنە

بەرێزان /

ڕۆژی سی شممە بەرواری 2006/6/25 بەپێ ی فەرمانی پەروەردە لیژنەکە سەردانی باخچەی ساوایانی ( سارا ) مان کرد بۆ وەرگرتن و ناونووس کردنی ئەو کەل و پەلا نەی کە لە باخچەکەدا هەیە کە هەمووی لەلایەن بەرێز کاك ( عەلی کیتابی یەوە ) کڕاوەو وە هەرلەسەر ئەرکی خۆی بە هەموو پێداویستیەکانەوە ماوەی ( دوو ساڵە ) منالآنی زرگوێز دەوامی تیا دەکەن

وە ئەو کەل و پەلانەش کە لە باخچەکە دا هەیە لە لیستی هاوپێچدا دیاری کراوە و هەموو پێداویستیەکانی باخچەی تیا ئامادە کراوە بە زیادەوە ***کەئەمەش جێگای ڕێزی بێ پایانەو نمونەی دڵسۆزی و پەرۆشیانە بۆ پەروەردەکردنێکی ڕاست و درووست بۆ منالآنی کورد

لەهەر　　جێیەك بن　　*** داواکارین نموونەیان هەر زیاد بێت و تەمەن درێژبن

وە لیژنەکە ئەم پێشنیارانە ئەخاتە بەردەم بەرێزتان ** تکایە بفەرموون

1- دانانی ستافی تەواو لە بەرێوەبەرو مامۆستا بۆ باخچەکە

2- دیاری کردنی سەرپەرشتیارێك تا لە ئێستاوە کاری بۆ بکات

3- دامزراندنی ئەو کار کوزارو چاودێرانەی کە ماوەی دوو ساڵە کاری تیا دەکەن

4- گۆڕینی ناوی باخچەکە بە ( قتعەیەکی چوئی )

5- دابین کردنی کرێ ی مانگانە بۆ بینای باخچەکە کە بیناکە ( مەدەنی یە ) کرێ کەی (150 ) دۆلار

6- گواستنەوەی ئەو پاسەوانەی کە بۆ باخچەکە دانراوە

نازەنین محمود شوقی　　نیشتمان کمال عزت　　عـــــەلی کیتابـــــی　　نەرمین حسین رمضان

ئەندامی لیژنە　　ئەندامی لیژنە　　خاوەنی باخچەکە　　سەرۆکی لیژنە

| ز | ناوی کەل و پەل | ژمارە | ز | ناوی کەل و پەل | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| -1 | کورسی گەورە | 7 1 | -33 | حەوزی ئاو | 1 | |
| -2 | سلاجە | | -34 | پانکەی ئەرزی | 1 | |
| -3 | تەباخی 5چاو | 1 | -35 | سەبەتەی خۆڵ | 3 | |
| -4 | کاوەنتەری سێ دەرگا | 1 | -36 | سەعات | 1 | |
| -5 | فەرشی 5-3 | 1 | -37 | سۆپا | 2 | |
| -6 | فرشی 4-3 | 1 2 | 38 | یەک تاقم پلاستیک | 1 | |
| -7 | مێزی تەلەفزیۆن | 1 | 39 | پەرداخ | 3 | دەستە |
| -8 | تەلەفزیۆن | 1 | 40 | کوپ | 2 | دەستە |
| -9 | کۆمپیوتەر | 1 1 | 41 | مەنجەڵی بوخار | 1 | |
| -10 | پرینتەر | 3 | -42 | مەنجەڵی بچوک | 6 | |
| -11 | گسکی کارەبا | 3 | -43 | سینی | 3 | |
| -12 | تەپڵەکی نایلۆن | 20 | -44 | تەرمۆزی ئاو | 2 | |
| -13 | علاگەی جل | 1 | 45 | کەوچک | 25 | |
| -14 | کورسی بچوک | 2 | -46 | بۆرد | 1 | |
| -15 | حەسیری نایلۆن 3—4 | 1 | 47 | یاری مناڵان | 10 | |
| -16 | جێگا پێڵاو | 2 | 48 | گڵۆپی زینە | 1 | |
| -17 | غەسالە | 1 24 | | | | |
| -18 | موبەریدە | 1 | | | | |
| -19 | مولیدەی 12 ئەم پێر | 1 | | | | |
| -20 | ئینجانەی گەورەو بچووک | 1 1 | | | | |
| -21 | کومبار 5—6 | 1 | | | | |
| -22 | کومبار 3—4 | 1 | | | | |
| -23 | مکتەبەی گەورە | 1 4 | | | | |
| -24 | مێزی ئیدارە | | | | | |
| -25 | فیدیۆ | 5 | | | | |
| -26 | پانکە | 2 | | | | |
| -27 | گڵۆپی شەحن | 1 4 | | | | |
| -28 | دۆشەکی ئیسفنج | 1 | | | | |
| -29 | پشتی لۆکە | 1 | | | | |
| -30 | بەتانی | 3 | | | | |
| -31 | لۆکزی غاز | 1 2 | | | | |
| -32 | چەتری گەورە سێبەر | 4 | | | | |

باخچەی ساوایانی سارا

ژمارە/.. ١٥٣ ............

بەروار/٥/٧ / ٢٠٠٦

**لە بەر پرسیار بەڕێوە بەری باخچەی ساەیانی گوندی زرگۆیزی گەورە**

بۆ بەڕێز / بەریوەبەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانی

بابەت / ناساندنی ئەو مامۆستا و کارگوزارانەی تا ئێستا لە باخچەی ساوایانی سارا دا کاریان کردوە

١ / بەهار حەمە ئەمین عەلی وەك مامۆستا بە سەرپەرشتیاری و ڕێنوینی خۆم زۆر سەرکەوتوانە کاری کرد. هەروەها بە پێی بەرنامەیەکی داڕێژراو بەرپرسیاری کۆڕو کۆبوونەوەی حەوتانە دایکانی منداڵانی باخچەکەمان بووە

٢/ شارا ئەحمەد محەمەد وەك کارگوزاریکی جیگای متمانە و برپرسیاری چێشت و خواردەمەنی منداڵەکان بە باشترین شێوە کاتری کردوە.

٣/ نەسرین محەمەد ئەحمەد کە لە بنەماڵەیەکی هەژار و دەست کورتە لەم دواییانەدە پیش پشووی هاوین بۆ ماوەی دوومانگ وەك کارگوزارێك کاری کردوە

لەگەڵ ڕێز و سوپاسی سەردەبیر گۆڤاری جیهانی مناڵان و بەر پرسیار و بونیانگوزاری باخچەی ساوایانی سارا لەگوندی زرگوێزی گەورە

عەلی کیتابی

# Barnens Värld

***Om barnens livsvillkor världen över***

*Barnhemet SARA i Zergwez*/Slemani

No. 16-17



بڕوانامةي دةرضوون

تايبةت بة باخضةي ساوايانى زرطوَيز


Ali Ketabi
C/O Shihab Manmy
Fjäderharvsgatan 17
424 66 Angered, SWEDEN. Tel: +46 (0) 31-3302030



Postgiro : 5469 - 4922
shihab.manmy@comhem.se
www.jmnalan.org
ISSN 1651-5188